# راگواستنی گوندەکانی کوردستان وەک پرۆسەیەک بۆ شۆرینەوەی کەلتووری کوردەواری


**ئیبراهیم عەبدولکەریم حەمەکەریم/ خوێندکاری دکتۆرا – زانکۆی سلێمانی**

**Email: ebrahimhajy1972@gmail.com**

**مۆبایل : 07501179912**

**شوێنی دانیشتن : هەڵەبجە**

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە ناونیشانی ( ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان وەک پرۆسەیەک بۆ شۆڕینەوەی کەلتووری کوردەواری) هەڵگرتووە، ئاوڕدانەوەیەکی مەعریفی و وەستانێکی ئەکادیمیانەی مەیدانیە، لەم کوردەواریە لە ساتی جێبەجێکردنی پرۆسەی ڕاگواستنەوە تا ئیمڕۆ لەم دۆخەیدا، ئامانج لێی ( ڕوانین لەو کەلتوورو پاشخانە بەهایی و ژیاریەی کە کوردەواری دارای بوەو ئێستاش تاهەنوووکە دارایەتی و بەراوردی رەگەزە کلتووریەکانی و کاریگەری گۆرانکاریەکان لەسەری، تەماشەیەك و بەرچاوخستنی ئەو دەرکەوتانەیە کەپرۆسەی ڕاگواستن لەسەری جێی هێشتووە، وەستانە لەسەر ئەو فاکتەرە گۆرانکاریە دیارانەی کە کاریگەری قووڵ و بونیادی و ریشەییان لەسەر کوردەواری و کەلتوورو ژیانی کوردەواری جێهێشتوە بەتایبەتی (پرۆسەی راگواستن وەک فاکتەرێکی نەرێنی و لێکهەڵوەشێنی کۆمەڵێک رەگەزو بنەمای کەلتوری) پاشان ئەوداکەوتە بەهایی و رەفتاریانەی کەلەسەرتاکی کوردەواری جێیان هێشتوە لەو کاتەوە تا بە ئیمڕۆ.

کۆمەڵگەی توێژینەوە گوندەکانی پارێزگای هەڵەبجەیە. توێژەر سامپڵی بە شێوەی مەبەستدار (عینه القصدیه) کە (2) لەرەگەزی مێ و (2) لە رەگەزی نێری هەڵبژاردووە . لە کەسانی بەتەمەن، هەر یەکەیان لە گوندێکی هەورامان کە ژیانی سەردەمی پێش راگواستن و سەردەمی دوای ڕاپەڕین و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان بینیوە، کە ژمارەیان ٤کەس بووە.

لەو دەرئەنجامانەی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە کوردەواری خاوەنی کلتووری رەسەن و پاشخانێکی شارستانی راستەقینە بوەو بوەتە هێمای تایبەتمەندی و پێدانی شوناسی کوردبوون پێی، پرۆسەی راگواستن یەکێکە لەو گورزانەی کەلە تەوەری ئەم رووگە جوانەی کوردەواری دراوە، کەلتوری کوردەواری روەو کاڵبوونەوەو لەهەندێ رەگەزدا دوچاری شۆڕینەوەی کردوە، تاکی کوردەواری تا ئەندازەیەکی بەرچاولە تاکێکی بەرهەمهێنەرەوە گۆریوە بۆ بەرخۆرێکی شمەکی دەرەکی. ئەمەش لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی، بەسوود وەرگرتن لە دیدگای هەریەک لەمیشێل فۆگۆو پۆلباران. بە بەکارهێنانی میتۆدی وەصفی شیکاری و پاشان سوودوەرگرتن لە میتۆدی مێژوویی و میتۆدی و بەراوردکاری .

وشە کلیلیەکان: راگواستن، کەلتوور، وردە کەلتوور، ئوردوگا، بەعس، کوردەواری...

# ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان

# وەک پرۆسەیەک بۆ شۆڕینەوەی کەلتووری کوردەواری

# توێژینەوەیەکی مەیدانی کۆمەڵناسیە لە پارێزگای هەڵەبجە

## تەوەری یەکەم: دەروازەی تیۆری و ناساندنی چەمکەکان

### پێشەکی

قسەکردن لەسەر کەلتووری کوردەواری و ئەو گۆرانکاریانەی کەبەسەر هەردوو باڵە مادی و مەعنەویەکەی(کەلتوور)دا هاتووە بابەتێکی فرەلایەنە، چاوخستنەسەری وەک بابەتێکی کۆمەڵناسی و لێتوێژینەوە لەسەری، ئەرکێکی مەعریفی و زانستی هەژمارە، ئاوڕدانەوە لە هۆکارو پاڵنەرەکانی ئەو گۆڕانکاریانە بایەخی زانستی هەیە، بەتایبەتی وەستان لەسەریەکێک لە گرنگترین ئەو هۆکارانە کە (پرۆسەی ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستانە-لەلایەن رژێمی بەعسی لەناوچووەوە لەسەدەی رابردوو-) کاریگەری تەواوی لەسەر گۆڕان و تەنانەت شۆرینەوەو کاڵکردنەوەی کۆمەڵێک ڕەگەزی گرنگی کەلتووری کوردی هەبووە.

ئەم هەوڵە بۆ خۆی ئاوردانەوەیەکی مێژوویی و کەشفکردنی ویست ودەستەکانی پرۆسەی راگواستن و ماک و دەرکەوتەکانی ئوردوگا زۆرە ملێیەکانە لەسەر ژیان و تاکی کوردی و کلتوورەکەی و پاشان هەوڵی ئاوەدانکردنەوەیان لە پاش راپەرینی ١٩٩١، بەشێوەیەکی بابەتیانە بۆ توێژەرێک کەهەرسێ باری (گوند و ئوردوگاو گوندی پاش ڕاپەڕین ) بە گوزەران تیایاندا ئەزموون کردبێت ئاسانتردێتە بەردەم شیکاری تاهەرکەسی تر. هەربۆیە پاڵپشت بەو پاشخانە ئەزمونیەو بە تێگەیشتن لەدیدی تیۆریستێکی وەک (فۆکۆ)وهەروەها (پۆڵ باران) شەنو کەوی ئەو بابەتە بکرێت، کە لە سێ تەوەرو لەسەر سێ ئاست بەرچاوخراوە:

یەکەم: رۆشنکردنەوەی ئەو باکگراوندە کلتووریەی کە کوردەواری و گوندی کوردەواری هەیبوە پێش ئەوەی دووچاری راگواستن و کاولکاری ببێت، چونکە شەنوکەوێکی دۆخی ژیان و گوزەران و پەیوەندیەکانی مرۆڤی کوردەواری لادێ نشین ئەوکات لەگەڵ ژینگەکەی ( ئەگەرچی کورت وحەکایەت خوانانەش بێت !) وەک پێشمەرجێکی مەعریفەیی، بەگرنگ زانراوە.

دووەم: بارودۆخی سیاسی و ئەو هەلومەرجە ئابوری و کۆمەڵایەتیانەی کوردەواری کە راگواستنی تیا ئەنجامدراوە، لەگەڵ بیانوەکانی پشت راگواستن خراوەتە بەردیدان، هەروەها ئەو گۆرانکاریە ( کلتووری و ئابوری و ئایدیۆلۆژی و ئاینی وکۆمەڵایەتی و... هتد) ئوردوگا هێنایە پێشەوە، خراوەتە بەرباس.

سێیەم: بۆ زیاتر راگرتنی بابەتەکە وەک بابەتێکی کۆمەڵناسی و لە چوارچێوەدانی تیۆری، باش زانراوە پرۆسەی راگواستن و پاشان چۆنیەتی بونیادی ئوردوگاکان و دووبارە درووستکردنەوەی گوندەکان لەدیدگای هەریەک لەگەورە بیریارانی وەک پۆڵباران و میشێل فۆگۆوە تەماشەبکرێت و خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانە بۆی بخرێتە ڕوو.

چوارەم: لە سێ تەوەردا کرۆکی توێژینەوەکە یەکاڵا کراوەتەوە: تەوەری یەکەم، بە دەروازەی تیۆری و ناساندنی چەمکەکان،خراوەتەروو، پاشان تەوەری دووەمی لەژێر ناونیشانی (کوردەواری و کەلتوری لە بەردەم هەژموونی بەعس و سیاسەتی راگواستندا) خراوەتە بەرباس، تەوەری سێیەم لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە، دواجار دەرەنجامی توێژینەوەکە و چەند پێشنیارو راسپاردەو ڕیزکردنی سەرچاوەکان لەلایەن توێژەرەوە کۆتایی بە بابەت هێنراوە.

**کێشە و بایەخی توێژینەوە**

لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان پرۆسەی ڕاگواستن و کلتوور لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی کوردیدا بابەتێکە نوکی قەڵەمە ئەکادیمیەکان کەمترین ڕوویان لێبووە، بۆیە گرنگی و بایەخێکی ئەکادیمی تەواوی هەیە، کە جێشوێن دادەنێت، لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئەو گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریانەی ڕووبەڕووی کوردەواری و کۆمەڵگەکەی دەبنەوە. قسەکردن لەو بارودۆخە نالەبارانەی کە کاریگەریان لەسەر دیمۆگرافیاو کلتوور و ژیانی خەڵکی کوردەواری هەبووە، بەتایبەتی لە سەدەی رابردوودا بەدەست دەسەڵاتی بەعسەوە، سەرەتا پرۆسەی راگواستن و دواتر سیاسەتی تری دوژمنانە بیگرە تا کاری جینۆساید وقرکردنی کورد بەکۆمەڵ، پاشان ئەو ماکو جێکەوتانەی ئەو پرۆسەیە پاش کۆتاهاتنی دەسەڵاتی ئەوسیستمە دکتاتۆریە و دووبارە بونیادناوەی عێراق پاش ٢٠٠٣ولەسەر کوردەواری . لێرەوە قسەکردن و نوسین و کۆڵینەوە لەسەر بابەتێکی ( کەلتووری کوردی لەبەردەم هەژموونی ڕاگواستن و سیاسەتە چەوتەکانی بەعس دا) کەتیایایدا پەنجە خستن بێت لەسەر ئەو کێشەو گرفتانەی کەلەو ڕێگایانەوە خۆیان بەبەر هەیوانی کوردەواریدا کردبێت بە گرنگ زانراوە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەی لەهەوڵی دەستهێنانی دوو ئامانجی سەرەکیە:

١- ڕۆشنکردنەوەی کاریگەری سیاسەت و جۆری حوکمڕانی بەعس لەسەرگۆرینی ژیانی کوردەواری و ئەو ماکانەی تا بە ئیمرۆ دەرکەوتیان هەیە.

٢- زانینی کاریگەریەکانی پرۆسەی راگواستن و دروستکردنی ئوردوگا زۆرەملێکان لەسەر کەلتووری کوردی و بونیادی بەهایی و کۆمەڵایەتی کوردەواری .

**پرسیارەکانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لەدووی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکە دیارترینیان ئەمانەن:

١- دەرکەوتەکانی پرۆسەی ڕاگواستن لەسەر کۆمەڵگەی کوردی کامانەن؟

٢- پرۆسەی راگواستن و دروستکردنی ئوردوگا زۆرەملێکان بۆ خەڵکی گوندەکانی کوردەواری تاچەندە کاریگەری نەرێنیان لەسەر بنەما کەلتووری و ژیاریەکانی کوردەواری داناوەو کام رەگەزی کەلتوری دوچاری کاڵبوونەوە یان ونبوون هاتوە؟.

٣- پاش نەمانی دەسەڵاتی بەعس لە کوردستان، تاچەند کوردەواری توانیویەتی پارێزگاری لە کلتوورو شوناسی خۆی بکات؟

**ڕێبازی توێژینەوە:**

گرنگترین ڕێکارێکی زانستی و ئەکادیمی بۆ هەر توێژینەوەیەك گرتنەبەرو دیاریکردنی میتۆدێکە بۆ ئەوەی توێژینەوەکە لەسەری ڕێچکە بگرێت. کە ئێمە بۆ ئەم کۆڵینەوەیە دەسمان بردوە بۆ میتۆدی وەصفی و لەگەڵیشیدا سوود لە میتۆدی مێژوویی و بەراوردکاری وەرگیراوە.

**ناساندنی چەمکەکان**

**- کەلتوور -Culture:** ووشەیەکی رۆژئاواییە، بۆیە راست وایە لە ناو مێژووی رۆژئاواوە گەران بەدووی واتایدا دەست پێبکرێت، لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیدا چەند مانای هەیە، لەوانە بە واتای پیرۆز راگرتن ، پەرستنی خودا، گەورە زانینی کەسێك، پیروز زانینی شتێك...یاخود بەمانای پەروەردەو پێگەیاندن و چاندن و بەخێوکردنی گیانەوەرێك، ئیدارەدان و چاندن و کێڵانی زەویەك..و هتد( طوني بينبيت و ئةواني تر،2010: 225).

**کەلتوور:** بریتیە لە تەواوی رێو شوێنی ژیانکردن، لە لایەن کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوەوە..کە فێربوون و بەشینەوەی دانەو دارشتەکانی، لە لایەن دەزگاکانی ئەو کۆمەڵگەوە بە ئەنجام دەگات. کە بێگومان هەموو ئەو بەها هاوبەشانەی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا ئامادەیە دەگرێتەوە، وەك بیرو باوەرو ، ئایدیا و نەریت و نۆرم وعورف و ..هتد .پاشان کەلتوور لایەنی مومارەسەی هەیە و رەفتاری چاوەروانکراو و جۆرێك رەزامەندی وەرگیراوی لە لایەن هەمووانەوە هەیە.( Kim Ann Zimmermann12, 2017)

زۆرێك لە کۆمەڵناسان وەك رەفتارێکی فێرکاری کەتاك لەرێگەی ئەندامبوونی لەناو خێزان وگروپ و کۆمەڵگەکاندا بەدەستی دەکەوێت، باسیان لێ کردووە، چونکە کەلتوور مانای ئەو رێوشوێنەی کە مرۆڤەکانی کۆمەڵگەیەك بۆدەستەبەرکردنی ژیان لەو ژینگە کۆمەڵایەتی و سروشتیەی کە تیایدا دەژین گرتویانەتە بەردەدات. بۆیە ئەو رێو شوێنانەی ژیانکردن لە رێگەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و بە پرۆسەیەکی فێرکاری دەبێت و نەوە بۆ نەوەی دوای خۆی دەیگوێزێتەوە. یانی وەك چۆن کەلتوور بزوێنەری تاك و چوارچێوە بۆکێشی رەفتارو رێ نیشاندەرو چرای هزری وبیرکردنەوەکانی تاکە، لەهەمان کاتدا ئەو کەلتوورە رۆژێ لە رۆژان بەرهەمهێنراوو دەستکردی مرۆڤ خۆی بووەو بەپێی قۆناغەکانی ژیان و گوزەرانی گۆرانکاری بەسەردادێت. چونکە مرۆڤ لەگەڵ بوونەوەرکانی تر بەوە جیادەکرێتەوە کەخاوەنی کەلتوورە، توانای دروستکردنی کەلتووری هەیە. خوو عادات و تەقالید و عورف نۆرم و بەهاو ئاینەکان و ئەزموونە جۆربە جۆرەکان ، پێکهێنەری مەعنەوی کەلتوورن. کە دوواجار ئەمانە هەمووی بەرهەمهێنراوی دەستی مرۆڤن، دروستکراوە مادیەکانیش هەر لە خانوو نشینگەیەوە بیگرە تا جلوبەرگو خواردنەکانی و یاری و مەراسیم و رەفتارە کۆمەڵایەتیەکانی و هتد بەهەمان شێوە. ئەم مرۆڤە وەك شێوازێك بەکاریان دەبات بۆ ژیانکردن و بۆ ژیان گوزەراندن. کاریگەری لەسەر جۆری رەفتار کردنی تاکەکان دادەنێت، رووکارەکانی دەبنە بەشێك لەسلوکیات و شێوازی گوزەراندنی ژیانی کەسەکانی نێوکۆمەڵگا. کۆمەڵگاش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بەکاری دەبات و دەیگوێزێتەوە. دیارە هەر کۆمەڵگەیەکیش کەلتووری تایبەت بەخۆی هەیە کەپێی دەناسرێتەوە و پێی ژیان دەکات، وەك چۆن تایبەتمەندی و کۆڵەکە و رووکاری جیاکەرەوەی خۆی هەیە، کە جیاوازە لە گەڵ کەلتوورەکانی تر.جا هەر زەمەنێك دانەکانی ئەو کەلتوورە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە تووشی راستکردنەوەو کەمکردن و زیادکردن دێن بایی ئەوەندە کەلە گەڵ دۆخە نوێیەکە بگونجێت بەتایبەتی ڕووکارە مادییەکەی کەلتوور(ئیبراهیم حاجی زەڵمی ،2020 : 268).

**- ووردە کەلتوور " سەب کەلتوورSub culture یان کەلتووری لاوەکی "االثقافة الفرعیە"**

ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك کەلە خەڵك کەهاوبەشیان هەیە لە هەندێك بابەت و پرسدا " جادەگونجێت بەرژەوەندی هاوبەش، یان رووبەرووبونەوەیان لە کێشەو گرفتێکی هاوبەش، شێوازی رەفتارکردنی هاوبەش، پیادەکردنی جۆرێك کارکردنی هاوبەش" بن.کە ئەم جۆرە خوانواندن و کارکردن و دونیابینی و مومارەسەیان جیاکاریەکیان لە گەڵ کەلتوورە گشتی یەکە بۆ درووست کردوون. (ئیبراهیم حاجی زەڵمی ،2020 :277) دواجار کۆمەڵێک هەڵسو کەوتو جۆری پیادەکردنی رەفتارو نواندنە لەگەل بوونی روخساری مادی جیاو شێوازی تایبەتی ژیانکردنی تایبەت لەپەراوێزی کەلتورە گشتی و باوەکەوە.

**- کوردەواری:** مەبەستیش لە کوردەواری کۆمەڵگەی کوردی و نیشتمانی پارچە پارچە بووی نییە بە گشتی . بەڵکو تەنها کوردستانی باشورە واتە ئەو بەشەی کوردستانی عێراقە کە لەسالی ١٩٢٦ خرایە سەرعێراقی عەرەبی و پاشان لە دوای ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی بەهاری (1991) لە ژێر دەستی حکومەتی بەغداد ڕزگار کراو دوای ئەوەی دانوستانی نێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی ڕووخاوی بەغداد بەهیچ ئەنجامێك نەگەیشتو حکومەتی ناوەندیش دەزگا ئیداریەکانی لە ناوچەکە کشاندەوە، دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستانی تیا دروستکرا، لەدەستوری نوێی عێراقدا وەک هەرێمێکی فیدراڵی ناسێنرا(ئیبراهیم حاجی زەڵمی، ٢٠١٠: ٤٨)

**ڕاگواستن:** پرۆسەیەکی سیاسی بوو لەلایەن حکومەتی بەعسی غەرەبیەوە لەعێراق ئەنجامدرا، کە بریتی بوو لەهێنانەخوارەوەی خەڵکی گوندەکان و کاولکردنی گوندەکانیان و نیشتەجێکردنیان لە ئوردوگا زۆرەملێکاندا، کە ئەم پرۆسەیە دواجار دەرایەک بوو بۆ لێدانی کلتوور و نۆرم و خەباتی سیاسی و رۆشنبیری کوردەواری. لەهەمانکاتدا دەروازەیەکی گەورەبوو لەوەی کە کوردەواری لێیەوە روەو کرانەوەی کلتووری و تێکەلبوون لەگەڵ ئامێرو بەرهەمەکانی جیهانگیری ڕۆژئاوا بێتەوە، تێکەڵ بە بیرو ئایدیۆلۆژیای نانەتەوەیی و چاوکردن لە بەهاو نۆرمی مادی و نەهاتوەوە لەگەڵ بەهای کوردەواری بکات.( ئیبراهیم حاجی زەڵمی،٢٠٠٨:٢٦٨)

**بەعس:** مەبەست لەبەعس (پارتی زیندوکردنەوەی عەرەبی سۆسیالیستی-حزب البعث العرب الاشتراکي) کە دەسەلاتداری وڵاتی عێراق بوو لە ساڵەکانی (١٩٦٣-٢٠٠٣)، پارتێکی سیاسی بوو لەسەردەستی کۆمەڵێ بیرمەندی عەرەبی دروست بوو، لەوانە میشیل عەفلەق و صەلاح بەیتارو زەکی ئارسوزی ، کەئامانجیان یەکگگرتنەوەی نەتەوەی عەرەبی بوو لەنێو چەتری ئەو ئایدیۆلۆژیایەو لەسایەی یەك دەوڵەتی عەرەبیدا.

بەعس ئایدیۆلۆژیایەك بوو وەك خوێندنەوەیەکی نوێ وتێگەیشتنێکی نوێی کۆمەڵێ کەس وتاکی نوخبەی عەرەبی بوو بۆ ئەو قۆناغە مێژوویەی کە نیشتمانی عەربی پێدا وەك کۆڵۆنیالیزەکراوێك تێدەپەری. لەهەمانکاتیشدا فاکتەرێکی هاوچەرخانەی ناسیۆنالیستانەی مۆدێرنانەی پێرو تاقمێکی عەرەبی بوو بۆ ڕووبەروو بونەوەی کۆڵۆنیالیزم و ئیستیعمار.دەرەنجامی ئەو گۆرانکاریانە بوو کە لە دوای شەری جیهانی یەکەم و کەوتنی بەناو خەلافەی ئیسلامی عوسمانی و درووست بوونی فەراغێکی نوێ و داگیرکاری پارچە پارچەکردنی دەوڵەتان و بەپێی خواستی داگیرکەرانی رۆژئاوا دووبارە بونیاتنانەوەیان بێ گوێدانە خواست و خەون ئایدیای خەڵك وکۆمەڵگا ژێردەستەکان. بەڵام دواجار لەبەرئەوەی باوەری بەنەتەوەکانی ترنەبوو

شۆڤێنی بوو لەسەردەستی صەدام حسێن بووە فاکتەرێك بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەکانی تر بەتایبەتی گەلی کورد.( ئیبراهیم حاجی زەڵمی: 2013: 76).

**ئوردوگا:** وشەیەکی فارسیە بەواتای (شوێنی کۆبوونەوەو وەستانی سوپا) دێت، بەڵام لە کوردەواریدا بەرامبەر بە وشەی عەرەبی (مجمعات السكنيه- کۆمەڵگە نیشتەجێیەکان) هاتوەو بەو مانایە دێت، کە ئەو کۆمەڵگە نیشتەجێیانە لەلایەن حکومەتی بەعسەوە تایبەت بۆ دانیشتوانی راگوێزراوی گوندەکان درووست کران و بەکارهاتن..

**ئوردوگا زۆرەملێکان:** بریتی بوون لەو شوێنگە نیشتەجێکردنە دیاریکراوانەی کەلەسەر نەخشەیەکی بیناسازی تایبەت درووستکرابوون، لەلایەن دەسەڵاتی (میری -حکومەتی عێراقی)ەوە، بۆ ئەو خێزانانەی کەلەگوندەکانی کوردستانەوە، بەپێی بریارێکی سیاسی و بەزۆر رادەگوێزران و لەوێ نیشتەجێ دەکران. ئەو ئوردوگایانە بە شێوەیەك درووستکرابوون کە بەئاسانی دەکەوتنە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێریەوە لەسەر رێگە گشتیەکانی یەکە ئیداریە فەرمیەکان درووستکرابوون، لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە ئوردوگاکانی خورماڵ و سیروان و شانەدەری هەبوون، هەریەکەیان خرابوونە سەریەکە ئیداریەکانی ناحیەی خورماڵ و سیروان و سەید سادەق.( ئیبراهیم حاجی زەڵمی: 2008: 271))

## تەوەری دووەم: (کوردەواری و کەلتوری لە بەردەم هەژمموونی بەعس و سیاسەتی راگواستندا)

### کوردەواری و کەلتوور

ئاشکرایەهەموو نەتەوە و کۆمەڵە مرۆییەکان خاوەنی کەلتووری خۆیانن، بەڵام ئەم کەلتوورانە لێکدی جیاوازن و پێگە و ئاستی جیاوازیشیان هەیە. هیچیان ستاندار و پێوەر نین بۆ ئەوانیتر، بەڵام هەموویان سەرچاوەن بۆ (لێوە فێربوون)، (گۆڕینەوەی ئەزموون) و (پەیوەندیی بەستن) لەگەڵ یەکتردا، کە ئەوەش سێ بنەمای مێژوویی کەلتوورین(ریبوار سیوەیلی-facebook2021)

گەر کۆمەڵگا وا پیشان بدەین ئاماژەیە بۆ بوونی یەکێتی یەك لە نێوان کۆمەڵێ لە تاکەکان، ئەوا کەلتووریش گێرەرەوەی نموونە ڕەفتاریەکانی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەیە. گەر کەلتووریش کەڵەکە بووی جۆرو ڕێگەی ژیانی کۆمەڵگەیەك دابنێین ولەهەمانکاتدا ڕەنگڕێژکەری جۆری بیرکردنەوەو تێگەیشتنی تاکەکان بێ ! ئەوا کەلتوور مۆرکێکی دیاری کراوی تایبەت لە کەسێتی تاکەکان دەدات، کاتێ ئەزموونە گشتیەکانی پەروەردە بوون، کاریگەری لەسەر کەسێتی تاك دەسەپێنن.

تاك بیرکردنەوەو جوڵەو ڕەفتارەکانی لە ژێر چوارچێوەی ئەو کەلتوورەدا خۆی دەنوێنێتو گەشەیان پێدەدات، بە واتایەکی تر واتای کردەی بیرکردنەوە لە نێوەندێكو سەرچاوەیەکی سستماتیکی لە کێشەو ڕووداوەکان لەو نێوەندە کەلتووریە دیاری کراونو دروست بوون، لەوێشەوە دونیابینی و دەستبردن و مامەڵەی لەگەڵ دانەکانی بوون وسرووشت وبۆ دوا ڕۆژو جیهان دیارە و بەدەردەکەوێت. (ئیبراهیم حاجی زەڵمی: لەمپەرەکان،١٥٤-١٥٥). ئەم کەلتوورەش دەبێتە بنەمایەک بۆ شوناس و شوناسیش ئاماژەیەکی ڕۆشنە بۆ تایبەتمەندی و جیایی و تایبەتمەندیش جیایی لەسەر رەگەزەکانی کەلتوورەکەی دەوەستێت نەک شوێن و جوگرافیا.

**تایبەتمەندی کەلتووری**

تایبەتمەندی کەلتووری لە دوو ووشە پێکهاتووە، یەکەمیان تایبەتمەندی کە هەموو ئەو جیاکاری و سیماو خەسڵەت و پێکهاتە خودیانە دەگرێتەوە ، کە شتێ لە شتێ تر، مرۆڤێك لە مرۆڤێکی تر کۆمەڵێك لە کۆمەڵێ تر ...هتد یان کەلتووریٚ لەکەلتووریٚ تر پێ جویٚ دەکرێتەوە. بەم پێیەش ئەم پێناسەیە سنووری لۆکاڵ دەبەزێنێت و لە بازنەیەکی جیهانیدا خۆی نومایان دەکات. چەمکی تایبەتمەندی کەلتووری بابەتێکە راستەخۆ پەیوەندی تاك بەتاکی دانەکانی هەر کۆمەڵگایەکەوە هەیە، کەپرسیارەکانی ( ئێمە کێین ؟ شوناسی ئێمە چیە؟ چیدەکەین؟ بەرەو کام ئامانج و پاشەرۆژ هەنگاو هەڵدەگرین؟) هەر لەپێناسی کەلتوورەوە پرسیارەکانی (چیمان هەیە؟ چۆن و بەچی ڕێدەکەین و ژیان دەکەین ؟ چەندە چەمکی خۆمانە و چەمکی (هی خۆمان نیە) بێگانەیە، دەتوانین بەکارببەین بەسەر ئەو شتانەی هەمانەو ژیانی پێ گوزەر دەکەین. ).

لێرەوە ئاماژەکانی تایبەتمەندی کەلتووری لە نێو ئەو پرسیارانەوە بەرچاودەکەون و پێمان دەڵێن: گەلی کورد لەم سەدەیەی 21 دا خاوەنی تایبەتمەندی کەلتووریەو دیوێکی رۆشنی ناسناماکەیەتی، کە لەکاتێکدا هەموو کۆمەڵو گەل ونەتەوەیەك پێویستی بە شوناسێکی تایبەت بەخۆی هەیە تاوەکو ژیان بگوزەرێنیٚ و پارێزگاری لەبوونی خۆی بکات .

شوناس دەتوانێت ببێتە ئەو شوراو دیوارەی کەپارێزگاری لە کەسایەتی مرۆڤ بکات، بەنەبون و لەدەستدانی، مرۆڤ دەبێتە کەسێکی پاسیڤ ودواکەوتەو لاساییکەرەوەی ئەوانی تر. چونکە شوناس پەیوەندی پرانسیپەکانی بوون و بە بیروباوەرەکانی تاك و تەرزەکانی بیرکردنەوەوە هەیە. کەلتووریش جێی خۆیەتی بچوێنریت بەوکانیەی کەهەرتاکیکی ئەوکۆمەلگەیە دەمتەڕو تینوشکێن دەکات وەکاریگەری و ماکی ئەوئاوی کانیە!! لەسەرژیانی هەربخۆریکی ئەوکۆمەلگایە بەدەردەکەویت. (ئیبراهیم حاجی زەڵمی، ٢٠١٠: ٩٦)

بەواتایەکی تر کەلتوورخەسڵەت و تایبەتمەندی ورەنگەکانی خۆی لەسەرتاکە ملکەچو گۆشکراوەکانی نمایشدەکات و تیڕوانینەکانی ئەوتاکە بۆخۆی و ئیکۆلۆژیا و بوون و گەردون بەگشتی دیاریدەکات. دواجار ئاگادار نەبوون لە تایبەتمەندیەکانی کەلتووری هیواو پاشەرۆژی نەتەوەیەك وەك ئاردی بن دڕکان دەکات.

**کەلتوور و خزمەت بە تاك**

کەلتوور بۆخۆی خزمەتکاری مرۆڤە، وەسیلەی خزمەتی مرۆڤە، لەبەرئەوە لەچەند شوێنەوە دەتوانرێت باس لە جۆرەکانی و شێوازەکانی خزمەتی کەلتوور بەتاك بکرێت، بەکورتی کەلتوور بە سێ شێواز خزمەت بە تاك دەکات ئەوانیش:.

1- لە خۆگونجاندن (وەك بوونەوەرێکی بایەلۆژی) لە گەڵ ژینگە سرووشتیەکەی.

2-سیستم و رێوشوێنێکی ئاراستەکردن ورەفتارکردنی دیاریکراو بەتاك دەبەخشێت، کە لەرێگەیەوە توانای پەیوەندیگرتنی لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەری دەداتێ و ئاسانکاری بۆ دەکات بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکانی وەك چۆن چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ خۆی و پێگەی خۆی پێ پیشاندەدات.

3- جەخت لەسەر کۆمەڵی و بەردەوامی لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە پەیوەستی و ئینسجامی تاکەکان بەیەکەکەوە درووست دەکات. (ئیبراهیم حاجی زەڵمی، ٢٠٢٠: ٢٦)

**پێکهاتەی کۆمەڵایەتی گوند :** مەبەست لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی گوند، پێکهاتەی کۆمەلایەتی و بونیادی دەزگا کۆمەڵایەتیەکانی دانیشتوانی گوندی کوردەواریە لەسەردەمی پێش داگیرانی لادێکان و ئەنجامدانی پرۆسەی راگواستنیان بۆ ئوردوگا زۆرە ملێکان. کە لێرەدا بەم شێوەیە باسی دەکەین:

یەکەم: دەزگا ئیداری و کۆمەڵایەتیە دیارەکانی گوندی کوردەواری ئەمانە بوون: (خێزان، بەرەباب، بنەماڵە، خێڵ، کوێخا، مزگەوت، قوتابخانە..)

هەریەک لەمانە بونیادو شێوازی دیاریکردن ودروستکردن و ئەرک و کاری تایبەت بەخۆی هەبووە. ئەمانە هەموویان لە پرۆسەی بەرێوەبردن و کاری تەواوکاری لەخزمەت ژیان و گوزەرانی گوند و دانیشتوانی گوند بوون، سیماو ئەدگاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ژیاری گوندیان دارشتووە.

بەدەر لەوەی کەهەریەکەیان لەکاری پەروەردەو پێگەیاندن و پاراستن وگواستنەوەی کەلتوورو کاری بەرێوەبردن و ئیدارەی گوندا هەریەکەو بەتایمەتمەندی پێگەو رۆڵی خۆیەوە رۆڵی بونیادی و ئەرکی سەرشانگرتووی خۆی جێبەجێکردووە.

بە پرۆسەی راگواستن ئەم بونیادانەو ئەو ئەرکەی لەسەر شانیان هەبوو بۆ هێشتنەوەی گوند و ماناو کەلتووری گوندی تێکرا شێواند، چونکە ئەگەر بونیادێک پارێزگاری لەخۆی کردبێت و مابێت **!!** ئەوا لێرەدا ئەرک و رۆڵ و چۆنیەتی کارکردن و شێوازی پارێزگاری لە بونیادی خۆیان و بەرهەمهێنانەوەی خۆیان لەنێو پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا بەتەواوی گۆراوە.

بەنموونە: لەنێو ئوردوگادا دەزگایەکی وەکو خێزان ئەگەرچی بونیادەکەی ئەوەندە گۆرانی بەسەردا نەهاتووە، بەڵام ژمارەو قەبارەی راستەوخۆ گۆرا بەوەی لەنێو ئەو خانوانەی پێی دەدرا یەکەم مەرجی هەڵوەشانی خێزانی گەورەبوو، باپیرو داپیرو و پیاوی تەنیا یان بێوەژن، یان ژن مردوو هەمووی جوێدەکرانەوە و خانووی جوێیان بۆ دەستنیشان دەکرا کە دووربوو لەو خانوەی بەکورەکەی یان کچەکەی یان زاواکەی دراوەو پێشترلەگوند پێکەوەبوون ، لە ئوردوگا دەبوو بەجیا بژین**!!**

پاشان شێوازی دروستکردن و بونیادی پێکهێنانی خێزان وەک پێشتر نەمایەوە؛ تێکەڵبوونی خەڵکی گوندەکان بەیەکتری و تێکەڵاوێ کۆمەڵایەتی سەریهەڵدا، نە ئەو چینایەتیەی کە هەبوو کە جیاوازی بنەماڵەو چینەکان و جۆرێک لە جیاوازی چینایەتی هەبوو( بەگ- شێخ- بۆرەبەگ- سەید- دەوڵەمەند- خاوەن موڵکو باخ و رەز- خەڵکی هەژارو رەشۆکی..هتد) ئەمانە هەموویان چوونیەك كران بە بەشداری گشتیان وەك یەك لە پێدانی پارەو قەرەبووی بارکردن و بە بەخشینی یەکجۆر خانوو سوود وەرگرتن لەیەکجۆری خزمەتگوزاری ئاوو کارەباو پێدانی پێداویستی خانووبەرەو ناوماڵی وەک تەلەفزیۆن و لەیەک جۆری چاودێری و چوارچێوە بۆکێشراوی میری و ملکەچ بۆ سیستمی سەربازی و بەشداری لە خزمەتی سەربازی (عەسکەری کردنی – خزمەتی موکەلەف و ئەحتیات) هتد بەمانا لێرە جۆرێک لەیەکسانی چینایەتی و هەڵوەشانەوەی چینەکۆنەکان دەستی پێکرد، بونیادێکی تری چینایەتی درووست بوو کە بزاوتی کۆمەڵایەتی رەوتێکی تری وەرگرت و بونیادە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکەی گوندی بەجێهێشت.

چینی بەرهەمهێنی گوند بۆ چینێکی بەرخۆری و دامەزراو وەک (کارمەند)لە فەرمانگە فەرمیەکانی میری، کە خۆی لەنێو بیکاری رووپۆشکراودا(البطالة المقنعة) قەتیسکرد، ئەم سیاسەتەش دواجار نەوەیەکی بێکارو بێ بەرهەم ودوور لەکاری راستەقینەی خستەوە.

لێرەدا پەروەردەی تاکی کوردەواری چرکرایەوە لەنێو قوتابخانەکاندا، قوتابخانەیەك کەدەبوو بەلای کەمەوە وانەی هەموو پۆلێکی سەرەتایی و ناوەندی دوو مامۆستای عەرەب بیڵێتەوەلە گەڵ وانەیەکی یایدیۆلۆژی بەناو (نیشتمانی!) بەرێوەبەرەکانی و ئیدارەی کردەیی لەلایەن ئایدۆلۆژیای میریەوە بەرخۆر و قەباغ مێشك کرابوون، لەگەڵ ئەوەی هەمووئیدارەی ئەم قوتابخانە دەسکراوە دەکران لەگەڵ ئەو میتۆدو بەرنامەی خوێندنەی کە تەنراو بوو بە ئایدیۆلۆژیای دژە نەتەوەیی. ئیتر بەرهەمی رەنج و دەست و کار وبیر دەبوو لە چوارچێوەیەکی نوێدا و هاتوەوە بوایە لەگەڵ ئەو سیستەمە گوزەرانکردنەی کە بۆی دروستکرابوو، پاشان لە ژێر رەزامەندی و چاودێری بەریوەبەرانی ئەو سیستەمە چاودێریەدا.

**پرۆسەی راگواستن و پاساوو بیانوەکان**

راگواستن: واتە هێنانەخوارەوەی خەڵکی لادێ و کاول کردنی لادێکان بۆ ئوردوگا زۆرەملێکان، بەوەش پچراندنی پەیوەندی راستەوخۆی جەماوەری کوردستان بە پێشمەرگەوە .

راگواستن بریارێکی سیاسی رژێمی بەعس بوو و سەرەتا جۆرێک لە ئامادەکاری بۆ کرد بەوەی لەگەڵ کوێخاکانی گوندەکاندا جۆرێک لەئاگادارکردن وقسە لەسەرکردن و گفتوگۆی ناوچەیی کردبوو لەگەڵیان و بەچاوترسێن بێ و یان بەپێدانی بەرتیل بێ یان هەرچی!! پێشینەیەکی ملکەچی و نیوچە رەزامەندی و بێدەنگی بۆ درووستکردبوو، دواتر یەکەم هەنگاوی راگواستنی بە جددی خستە پراکتیکەوە، ئەوکات لە ڕۆژنامەی (الثورة) کە لە بەغداد دەردەچوو، بڵاوکرایەوە لە 18/ایلول/1978 هێنابووی کە (28) بیست و هەشت هەزار خێزان کە ژمارەیان (200) هەزار کەس دەبێ دورخراونەتەوە لەدێیە سەرسنوری یەکانی ئێران و عێراق لەماوەی دوو مانگی هاوین دا حکومەت موڵەتی (5) ڕۆژی بۆ ئەو خێزانانەی کە دورکەووتونەتەوە لەماڵ و حاڵی خۆیان داوە (ئیبراهیم حاجی زەڵمی:2008، ٢١١)

ئەنجامدانی پرۆسەی(راگواستن ) پروژەیەکی سیاسی و کەلتووری بوو دژی کوردو لەپاڵ ئەگەری هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لەکوردستان، مەبەستی شێواندنی کەلتووری رەسەنی کوردەواری بوو، کە تیایدا چەندین هەزارگوند دانیشتوانەکانی ڕاپێچی ئوردوگای زۆرەملێ کران، پرۆژەی لەم شێوە پێشتر ڕژێمی شای ئێران بیرێکی لەم تەرز ەی کردبووەوە بەناوی ( غرب زدگی) بەڵام ڕژێمی بەعس مەبەستی زۆرگەورەترو شۆڤینانە تربوو؛ کە ئێمە لەم چەند خاڵەدا دەیخەینە ڕوو::

1/ زاڵبوون بەسەرگیانی بزوێنەری شۆڕش، ئەویش بە نەهێشتن وکەمکردنەوەی ئەو پەیوەندیە قوڵ وهاوسۆزیەی لە نێوان گوندنشین وپێشمەرگەدا لە دایك بوبوو ! چونکە چۆڵکردنی گوندەکان بۆخۆی دڵەکوتێیەك بوو بۆ شۆڕش و ونکردنی پێگەو ووزە بەخشی سەرەکی پێشمەرگە بوو. پێی وابوو رژێم کە لە پەیماننامە شومەکەی جەزائیردا سەرکەوتنی ڕواڵەتی بەدەست هێناوە، ئیتر بەم پرۆژە گڵاوەی ووزەی بەرەنگاری نەتەوەیەك بۆ یەکجاری کپ دەکاتەوە!!.

2/ ڕوخاندنی ژێرَخانی ئابووری کوردستان بە لەدەرامەت خستنی ئەوهەموو زەوی زارەی کە تاکی کوردی پشتی پێ دەبەست لەژیانی ئابوری وبژێوی ژیانی خۆیدا و بەستنەوەی ئەوتاکانە بە موچەیەکی براوە لە لایەن ڕژێم خۆیەوە، بۆڕامکردنیان , تاوەکو ئەو (ئایدۆلۆژیە) نامۆیەی خۆی بەکەلتوور و پێکهاتوە لاشعوریەکانی کۆمەڵگای کوردی بچەسپێنێ, کە لەم بوارەشەوە توانی چەند هەنگاو بچێتە پێشەوە بەدروستکردنی گروپی جیاوازو گوێ لە مشتی خۆی لەجاش و موستەشارو هتد.

3/ تێکەڵکردنی کەلتوورو هەوڵدان بۆ شۆرینەوەی کەلتووری ڕەسەنی کوردی لەڕێگای دەزگا پەروەردەیی و ڕۆشنبیریەکان وکەناڵەکانی ڕاگەیاندن؛ بەکارخستنی ئەم سیاسەتەی لە دامەزراوە جۆربەجۆرە فەرمی و نافەرمی وەکو کێڵگە هەرەوەزیەکانو کارگەو سەندیکاکان و پاشان گرتنی کۆڕ وکۆبونەوە و ئاهەنگ و هتد.. هەوڵی جددی خۆی دەدا بۆناساندن و بەرچاوخستنی کەلتوورە (بەعسی عەرەبی) خۆی وکاڵکردنەوەی کەلتووری کوردی.

**گوندو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی**

گوندەکانی کوردستان پێش ڕاگواستن، دارای جۆرێك لە پەیوەندی تایبەت بوون لەهەر یەك نێوان تاکەکانی خۆیاندا بەپێی خێڵ و تیرەو هاوسێیەتی و دوور و نزیکی شوێنیان لە یەکتر پاشان شوێنی لەوەڕگا وکشتوکاڵ و هەوارگەو کاروان و لەهجەو خزمایەتی وهتد کە بەهێزترین پەیوەندی کۆمەڵایەتی نارەسمی وەك پەیوەندیەکی پۆزەتیڤ ئامادەگی هەبووە ، ئەگەر هەندێجار جورێك پەیوەندی نەگەتیڤ سەری هەڵدابا، لەوانەیە لە سەر شوێنی (لەوەڕگا ) و گیابڕین یان ئاوو ئاوڕۆی کشتوکاڵی و یان شتی لەم بابەتە ! بەهۆی جیری و پتەوی کەلتووری و ئاینی کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەت لەم ناوچەیە لەئاستێکدا وەستاوە وحسابێ بۆ تەقینەوەی کراوە و بازنەیەکی بەدەورداهاتوە! بەڵام لەکاتیکدا یاخود لەدوای ڕاگواستن ئازادیەك بۆئەو پەیوەندیە نەگەتیڤانە فەراهەم هێنرا کاری پێکدادان و تەقینەوەی پەیوەندیە نەگەتیڤەکان و پێکدادانی خێڵ و تیرە جیاوازەکان بینرا بەتایبەت لە( ئوردوگاکانی سنووری پاریزگای سلیمانی و هەڵەبجە )عەشیرەتەکانی نەورۆڵی – شەمێرانی- هاروونی – عەمەڵە – بێ سەری و رۆخزادی و گەلاڵی و هتد) تەقین بەیەکدا و شەرو شۆرو کوشتنی دەیان کەسی لێکەوتەوە. (ئیبراهیم حاجی زەڵمی،٢٠٠٨:٢١١١.)

خاڵێکی تری نەرێنی گۆڕانکاری بوو بەسەرچەمکی (هاوگوندی)دا ئەوەش بەهۆی پەرش بڵاوبوونی تاکەکانی گوند بەسەرشوێن و گەڕەکەکاندا، بۆیە بە روخانی گوندەکان پەیوەندی پتەوی هاوگوندی دەگۆڕێت بۆ پەیوەندیەکی نزمتر کە ئەویش پەیوەندی هاوگەڕەکیە ! چەمکی هاوگوندی دەپوکێتەوە .(ئیبراهیم حاجی زەڵمی، ٢٠٠٨: ٢١٢١.)

بەدەرلەوەش کە تاکی کوردی (دانیشتوی گوند ) دیدێکی جەمالی پاکو سروشتی هەیە ئەوەش لەکاتێکدا کە ڕوژانەو بەردەوام لەگەڵ سروشت وئاژەڵ وپەلەوەر ..هتد تەعامول دەکات گەر نمونەیەك وەربگرین : کابرای لادێیی خانووی نیشتەنی خۆی ژێرەکەی (ژێرزەمینەکەی ) گەوڕو شوێن حەوانەوەی ئاژەڵ و پەلەوەرەکەی بووە! بەیانی وئێواران تەعامولی لەگەڵاکردوە، ئەوەش بە بەخێوکردن وئالیك پێدانی و دۆشینی وکارکردن لەگەڵ بەرهەمەکانی کە وەك سەرچاوەی بژێوی ماڵومنداڵی سودی لێدەبینین, دابینکەری ژیانی خودکەفائی ئەو بوون , تەنانەت سودی لەپاشەرۆکەشی دەبینی ! جا چ لە باخ و باخات وکێڵگە و چ وەك سوتەمەنی (تەپاڵە ) بەکاری دەهێنان بۆ نانکردن و گەرمکردنەوەی خۆی! بۆیە ڕۆژانە لەگەڵ ئەو بۆنوو بەرامەدا تێکەڵاویەکی هەبوە، ئێستەش لەکاتی بەجێهێڵانی گوندەکەی وماڵ و باخ و کێڵگەو شوێنی یادەوەریەکانی! ئەبێت ئاژەڵەکانی لەگەڵ خۆیدا نەهێنێت ! بیان فرۆشێت . ئەمەش دڵەکوتەیەك بوو درا لەتاکی لادێی چونکە دیدێکی جەمالی و ژیانێکی سروشتی لادێی وونکردوە ئەم شوێنەش کەبۆی دیاری کراوە واتە(ئۆردوگای زۆرەملێ) بەزیندانێك تەماشای دەکات !.

**بارودۆخی گوندەکان پاش نەمانی دەسەڵاتی بەعس**

پاش ئەوەی بەهاری ١٩٩١ خەڵكی ئوردوگاو شارەکانی کوردستانی باشور راپەرین و بەگژ دامو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی دەسەلاتی بەعس بوونەوەو کوردەواریان لەچنگی بەرێوەبردن و فەرمانداری ئەو دەسەڵاتە هێنایە دەرەوە، جۆرێک لە خۆبەرێوەبەری لەنێو بیچمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دامەزراند. یەکەم هەنگاوی خەڵکی کوردەواری گەرانەوەبوو بۆ گوندەکانی کوردستان و هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی لادێ رووخاوەکان درا، بەڵام پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی لادێکان بەو سانایە نەهاتەوە جێگەی خۆی و گوندەکانی کوردەواری لەباشووری کوردستان وەک جاران ئاوەدان نەبوونەوە لەبەر زۆر هۆکار کە دیارترینیان ئەم خاڵانەبوون:

١- بارودۆخی ئابووری کوردەواری لە دۆخێکی خراپدا بوو، گەمارۆی ئابووری لەلایەکەوە خرابووە سەر وڵاتی عێراق و عێراقیش بۆخۆی لەکاردانەوەی بۆ ئەو راپەرینەی کورد دژی ئەو دەسەلاتەی عێراق ئەویش دووبارە گەمارۆیەکی تری خستبوە سەرو دۆخی ئابووری تەواو پەرێشان کردبوو.

٢- حکومەتی عێراقی پێشتر تەنها بە کاولکردنی لادێکان و روخاندنی ماڵ و کەوێڵ و مزگەوتەکان وازی نەهێنابوو بەڵکو بۆ رێگری لەوەو سوود وەرنەگرتنی پێشمەرگە لەهەر بن پاسارێک یان شوێنێک کەخۆی تیا قایم بکات هاتبوو تەنی بووی بە مین و تەقەمەنی جۆراو جۆر، کە بەهەر نزیککەوتنەوەیەک رەتڵێ مین دەتەقیەوەو قوربانی دەخستەوە. بۆیە زۆرێک لەو گوندانە ئاوەدانکردنەوەیان گەلێ قورس بووبوو، بەوەی کە بەو مین و تەقەمەنی چێنراوانەی دەوریان و ئەوانەی لەپاوەن و باخ و شوێنە گشتیەکانی گوندا هەزاران خەڵک بوونە قوربانی و هەزاران کەس گیانیان لەدەستدا، بێجگە لەوەی دەیان هەزارکەسیش کەمئەندام کەوتن بەو هۆیەوە.

٣- ئەوانەی دەگەرانەوە بۆ گوند باری ژیانیان گەلێ قورس دەبوو، بەهۆی کەمی و خراپی رێگەوبان و دوورەدەستییان لە خزمەتگواریەکانی وەک نەخۆشخانەو خوێندنگەو زانکۆو کۆمەڵی شتی تر.

٤- ئەو وابەستەیەی کە دەسەڵاتی کوردی بۆ کوردەواری دروستی کرد لەرێگەی کۆمپانیا ئەهلی و بازرگانیە دەرەکی و هەرێمیەکان لەرێگەی کۆمەڵێ کەسی بازرگانی نێو پارت و گروپی کوردەواری، وایکرد کە کۆمەڵگەی کوردی ببێتە بازارێک بۆ بەرهەمە دەرەکیەکان و بەرهەمی گوندی کوردەواری بەتەواوی بێ ئەرزش وبایەخ بکرێت و مەجبوور بەوازهێنان لێی رازی بێت.

٥- بێ پلانی ستراتیژی دەسەڵاتی کوردی، بەتایبەتی لەپرسی کۆکردنەوەی نزیکەی نیوەی کوردەواری لە نێو چوارچێوەی بێکاری رووپۆشدا و دامەزراندنی سەدان هەزاران کەس لەنێو دەزگاکاندا، بەجۆرێک وەکو نوکتە لەکوردەواریدا باس بکرێت بەوەی (١١مجیوەر بۆ یەک مزگەوتی گوند دابمەزرێنێنت!!)، کە بەم رێگەیەش وەک جارانی سەردەمی بەعس دووبارە دەستی کاروبەرهەمی گوندەکان لەپەلوپۆ بخرێت.

٦- زۆرکردنی موغرەیات و کۆکردنەوەی خەڵکی لەناو شارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک وشارو شارۆچەکەکانی تر لەسەرحیسابی گوندو خەڵکی گوندەکان، پەرەدان بەشار بەشێوەیەکی ئاسۆیی و نارێکخراو بە شێوازێک لەدەورو بەری ئەم شارانەدا زەویە کشتوکاڵی و دارستان وباخداریەکان چ بەسوتاندن بێت چ بەوشککردن بێت چ بەکرین و بەموساتەحەکردنیان بێت داگیرکران لەلایەن بازرگان و سەرمایەدارەکانەوە کرانە کۆمەڵگەی قیست و قەرزو بەناوی دروستکردنی کۆمەڵگەو گوندی هاوچەرخ و بەناوی گوندی ئەڵمانی و گوندی ئیتالی و گۆیژە سیتی و قەیوان سیتی و...هتد

٧- گرنگی دان بەکۆمپانیاکانی بازرگانی کاڵاوشمەک هێنی دەرەکی و پرکردنی تیڤی ورادیۆ و رۆژنامەو گۆڤارەکان بە ریکلامە دەنگی ورەنگی و وێنەییەکان بۆ برەودان بەکارەکانیان و برەودان و رازاندنەوەی کاڵای بیانی بۆ پرفرۆشی و بەبەهاکردنیو لەخشتەبردنی خەڵکانی کوردەواری بۆ بەردەوامی و قەبەکردنیان و پوکاندنەوەی دەستی کارو پەککستن وبەرکەنارکردنی بەرهەمی ناوخۆو هتد..

کەئەمەش وای لێ هات هەر لەخەیارو بیبەرو تەماتەوە بیگرە هەتا هەرخۆراک و شمەک و کاڵایەکی گەورەتر هەمووی لەدەرەوە بهێنرێت و شتی ناوخۆ بێبەها بکرێت و دەستی کاری ناوخۆ شلۆل و گۆج بکرێت!.

**ئوردوگای زۆرەملێ و گوندی هاوچەرخ لەدیدی تیۆریاکەی میشێل فۆگۆوە**

لە روانگەی فۆکۆوە هەمیشە لەنێوان دەسەڵات و مەعریفەدا تێکەڵ بوونێك ئامادەیە، لە تەواوکاری نێوان کۆنترۆلی جەستەو کۆنترۆڵی شوێندا،! ئەوەش لە رێگەی ئامرازەکانی چاودێریکردنەوە. ئەو پێی وایە کە جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان زیندانەکان و کارگەکان و نەخۆشخانەکاندا نیە، کە ئێمەش پێمان وایە ئەو سیستمە چاودێریەی کەلە ئوردوگاو شوێنی ئوردوگادا بوونی هەبوو وە ئێستەش ئەو سیستمە بەناو سکویریتی و ئاسایشیەی لە گوندە هاوچەرخەکاندا بوونی هەیە. ئەو بەناو سیتی و شارە باڵەخانەیانەی کە درووستکراون و چینێکی دیاریکراو نیشتەجێن تیایاندا، بەجۆرێ لەجۆرەکان زیندانێکی موحتەرەمانەو تۆخبوونەوەی هێزو دەسەڵاتە بەسەریاندا.

بۆ گەرانەوە بۆ کرۆکی ئەم دیدو تیروانینەی فۆکۆ(دەسەڵات) دەبێت لەوێوە تەماشە بکەین کەفۆکۆ بایەخی بە شیکاری هێز داوە وەک دیاردەیەک بە شێوە جیاوازە مێژووییەکانی و نوێکانیەوە، وەک چۆن لەوێدا سوورە لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی و پاشان گەشەکردنی ئەو دەسەڵاتە پێشینەیە، پاشان لەنێو ئەو تیۆریایەدا سێ جۆر لەدەسەڵات دەکات: دەسەڵاتی تەمێکارانەو و(دەسەڵاتی سیادی و سەرکردایەتیانە) و دەسەڵاتی بایەلۆژیانە-الحیوی) .

کتێبی (چاودێری و سزا) میشێل فۆکۆ لەساڵی ١٩٧٥ نوسیویەتی، پاشان لەساڵی ١٩٧٧ وەرگێراوەتە سەرزمانی ئینگلیزی بەناوی (Discipline and Punish.) ئەم کتێبە باس لە میکانیزم و ئامرازە کۆمەڵایەتیەکان دەکات کەزۆرجار خۆیان لەرۆڵی سزا و لەناو سیستمێکی سزایانەی مەترسیداردا دەبیننەوە لەم سەردەمەدا. فۆکۆ باس لەدوو تەرزو شێوازی سزادان دەکات ئەوانیش:

١- سزای پاشایانە: کەخۆی لەسەرکوتکردنی جەماوەردا دەبینێتەوە لە رێگەی جێبەجێکرنی سزاکانی وەک لەسێدارەدان و سزادان و ئەشکەنجەی قورسی ئاشکرای وەحشیگەرانە.

٢- سزای تەمێکەرانە (ئەدەبدان): ئەوەی فۆکۆ باسی لێوەدەکات کەلە رێگەی سیستمەوە لەم سەرەمەدا پراکتیزە دەکرێ نمونەی لەوانەش: بەناوی چارەسەری دەروونی و کۆنترۆڵی ئاینی و کۆنترۆلی زیندانەکان و نموونەی تریش.. لەسەر خویندکارو و نەخۆش و زیندانی وهتد https://ar.wikipedia.org/wiki)

لەو کتێبەی (چاودێری و سزا) فۆکۆ باس لە دەسەڵاتی تەمێکەرانە دەکات و چۆن لەسەرجەستەکان بەکار دەبرێت، پێی وایە کە تاکەکان هەم لەلایەک ئامانجی دەسەڵاتن و لەلایەکی تریشەوە ئامرازی دەسەڵاتن. فۆکۆ چەمکی دەسەڵاتی بایەلۆژی بەکارهێناوە و پەرەی پێداوە لە ستراتیژیەت و میکانیزمە بەکاربراوەکان لەلایەن سیستمەکانی دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵی ژیانی مرۆیی. (https://genderiyya.xyz/wiki.)

فۆکۆ بە گەڕانەوە بۆ ئایدیاکانی جێرمی بێنسام سەبارەت بەدروستکردن و دیزاینی (پانەپتیکەن(Panopticon) چاودێری زیندانی یان زیندانی بازنەیی ) باس لەوە دەکات کە چۆن کۆمەڵگە نوێ و مۆدێرنەکان لەژێر چاودێری چڕی دەسەڵاتدان و یەکێک لەو نمونانەی ئەو کاری لەسەر کردوە دروستکردنی زیندانی بازنەیی، بەشێوەیەک زیندانێکی گەورەیی خڕ دروستکراوە و لەچواردەوری ئەو زیندانە ژوور یان قوللەی چاودێرکردن (surveillance) دروستکراون هەتا پاسەوانەکانی زیندان بەباشی ئاگایان لە بچوکترین جموجوڵی زیندانیەکان بێت.(عەلی زەڵمی: ئەنفالێکی نەناسراو).

لەبنچینەدا بێنسام پانەپتیکۆن وا وەصف ئەکات کە ڕێگەیەکی نوێیە بۆ گەیشتن یان دەستخستنی هێزی عەقڵە بەسەرعەقڵەوە، پاشتریش ئەم بیری پانەپتیکۆن – وەک هێمایەک بۆ هێزی نەبینراوو شاراوە- بیرمەندانی وەک فۆکۆو نعوم چۆمسکی و جۆرج ئۆرویڵ بەکاریان بردو پەرەیان پێداوە.

فۆکۆ لەو لێکۆڵینەوەی بەراودکاریانەی سەبارەت بەکۆمەڵگەی نوێ هەیەتی و لەنێوان پانەپیتکۆکەی بێنسام کە بۆ بینایەکی زیندان کردویەتی، سەرنج دەخاتە سەر ئەو دۆخەی کەلە زیندانێکدا تاکە پاسەوانێک دەتوانێت چاودێری ژمارەیەکی زۆری زیندانیەکان بکات بێ ئەوەی ببیبنن. گەر لەم تێروانینەوە لاکردنەوەیەکمان بۆئوردوگاکانی بەعس و ئەم سیتیە هاوچەرخانەی کوردەواری بکەیت هەمان تاس و حەمامیان بەسەردا دەسەپێت.

## پۆڵ باران و گوندی هاوچەرخی دوای راپەرین

(پۆڵ باران Paul Baran ۱۹۲۹-۲۰۱۱ )، بەیەکەم تیۆریستی پاشکۆیی ئابووری و دواکەوتنی ئابووری لە ئابووری ئمارکسی ئەمریکی هەژمار دەکرێ کە کەپێی وایە پاشکەوتن و پاشکۆیی ئابووری دەرەنجامی سەرمایەداریە، بەرهەمی تەرزەکانی بەرهەمهێنانی پێش سەرمایەداری نیە کە هەژموونی خۆی سەپاند بەسەر دەوڵەتە دواکەوتوەکاندا. قەبەبوونی سەرمایەداری لە روانگەی (پۆل باران)ەوە وایکردوە کەجیهان بەسەردوو دونیادا دابەش ببێت، ئەوانیش دونیای سەرمایەداری و پێشکەوتووی رۆژئاواو وڵاتانی سەرمایەداری دواکەوتووی پاشکۆی ئەوان. کارلێکی نێوان ئەم دوانە لە سەر سێ ئاستە ئەوانیش (بازرگانی و بزاوتی زیادەبەرهەم وهەژموونی سیاسی)( https://almerja.com/reading)

ئەو وای دەبینێ کە بزاوت و جووڵەی بازرگانی بەنیسبەت دەوڵەتانی پێشکەوتووەوە دەستخستنی سەرچاوەی هەرزان و بەلاشی ماددە سەرەتاییەکانە، کە دەبێتە هۆی خستنەوەی ئەو کێبەرکێیەی لەناردنەدەرەوەی بەرهەمەپیشەسازیەکان، لەدەوڵەتانی پێشکەوتوەوە بۆ وڵاتە دواکەوتوەکان و دواجار بەرگیردەبێت لەبەردەم گەشەکردنی پیشەسازی لەدەوڵەتانی دواکەوتوو. هەروەها دەبێتە هۆکاری جووڵە لەزیادەبەرهەم کەشێوەی قازانجی گوازراوە بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو لەپاڵیشیدا بێبەشبوونی دەوڵەتانی دواکەوتوو، بۆیە بەردەوام ئەو دەوڵەتە دواکەوتووانە دەکەنە بازارێکی باش و پشتگیریان دەکەن و وڵاتەکەیان دەکەنە شوێنگەی وەبەرهێنانی بیانی و بەربەستێکیش لەبەرهەمی ناوخۆو گەشەی هەر هەنگاوێکی پیشەیی و بەرهەمی لۆکاڵی.

بەو پێیەی کە گوندەکانی کوردستان بنەماو بڕبڕەی پشتی ئابووری نیشتمانی بوون، بەڵام راگواستن ئەوبنەمایەی شێواند، هەر لەم تێگەیشتنەوە دەگەینە ئەو راستیەی کە کوردستان چۆن وازی لە بنەما ئابوریە راستەقینەکەی هێناوەو کراوەتە شوێنگەی وەبەرهێنانی کۆمپانیا بیانی و وڵاتانی سەردەستی چواردەور، لەوێوە چۆن قوڕگی بەرهەمهێنی کوردەواریان گرتوەو ناهێڵن بەرهەمێکی لۆکالی تەنانەت کارگەیەکی بۆ درووست بکرێت! چۆن راگەیاندنەکانی بینی و بیسەری بوونەتە دەمو زاری پرهاوار بۆ فرۆشتن و بەبایەخ

پیشاندانی کاڵای بیانی..کەهیچ رەواجێک بۆ بەرهەمی لۆکاڵی نەهێشتوەتەوەو لەولاشەوە چۆن حکوومەتی کوردەواری دەستی کارو بەرهەمی کوردەواری بەتایبەت گوندەکانی بری بە دامەزراندن و راکێشانیان بۆ ناو سیتی و قەراخ شارەکان، وەک چۆن رژێمی بەعس بەراگواستنی گوندەکان وەهای کرد کوردەواری لە خەڵکێکی بەرهەمهێن خود ژێنی ژیان بەرهەمهێنەری خود کەفایی، گۆری بۆ بازارێک و تاکی کردە بەرخۆرێکی بەرهەمی بیانی. ئیمرۆش بەم گوندە مۆدێرن درووستکردنانە بەهەمان دەردی سالانی پێشتر برایەوە، ئەو تەمەڵی و تەوەزەلی و هەموو کەس داوای ئاغاییکردنەو راکردن بۆ بێکاری رووپۆشراوو چۆڵکردنی گوندەکان و قەرەباڵغکردنی شارەکان وگوندە مۆدێرنەکان کە هەمووی لە خزمەتی کۆمەڵێ پرۆژەی دەوڵەمەندو کۆمپانیای دژ بەکەلتور دایە، خستنە ڕووی بارودۆخی ئیمرۆی گوندەکانی کوردەواری، بەراووردکردنی زانستیانەی ئەو گوندە نوییانەی ئیمرۆ لە شارەکان دەکرێنەوەو پڕدەکرێن لە خەڵکی، لەگەڵ ئەو ئوردووگا زۆرە ملێیانەی کە حکومەتی بەعس دەیکردن ، زیانی هاوشێوەی ئەم گوندو بەناو سیتیەکانی ئیمرۆی شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك بێ جیاوازی لەگەڵ ئوردوگاکانی نەصرو باریکەو سیروان و بازیان و پیرەمەگروون و تۆبزاواو خەبات و شاوەیس و خورمال و جدیدەو هتد لەوەی کە فاکتەری چۆڵکردنی گوندەکان و کۆکردنەوەی دەستی کارن لەناو شارو خەریککردنیان بە بێکاری ڕوپۆشکراوو کردنە بازاڕی شارو کۆمەڵگەکان و ئوردوگاکان بۆ بەرهەمی دەرەوەو ساغکردنەوەی بەرهەمی دەرەوەو کردنە شوشەی خەیارو ترۆزی و هێلکەو شیرو پەتاتەو هەموو جۆرە میوەز سەوزەکان ....هتد بۆ ئەم کۆمەڵگایانەو ووشککردنی دەستی بەرهەمهێن ، و تەمەڵ و تەوەزەل کردنی تاکەکانی کوردەواری نێو ئەم کۆمەڵگانە و تەڵقینکردنیان بە کەلتووری بیانی و دانیشاندنی مناڵ و گەنج و پیاوانی دوارۆژی ئەم میللەتە لەبەردەمێ ئایپاد و فەیسبووك و ئەڵقە بیانی ونامۆکان بەکوردەواری و لەپاڵیشیدا تەمەڵ کردنیان وبچڕاندنیان بەکۆمەڵی نەریت و کەلتووری کوردەواری کە بە دوورکەوتنەوەیان لە گوند هەمووی وون دەبن.

بۆیە ئەو قەیرانە بەهایی و کەلتووریەی کە لەنێو ئوردوگا زۆرەملێکاندا کە جاران تاکی کوردەواری تووشی دەبوو، ئێستەش لەم گوندە مۆدێرنانەو کۆمەڵگە شووقەییانەدا تووشی دەبێت لەوانە " گرفتی زمان و نامۆیی لە کەلتووری راستەقینەی کوردەواری و دەرکەوتنی زیاتری دیاردەکانی تەڵاق و پشێوی خێزانی و گرفتی کۆمەڵایەتی و کەڵەکەبوونی زیاتری خەڵك وقەرەباڵغی زیاتر لەچاو ژیانی پێشووتری و کەمبوونەوەی گیانی هاوکاریو نەمانی هامووشەو کەنارکەوتنی بەها ئەرێنیەکان و گۆڕانی تاکی کوردەواری لە کەسی بەرهەمهێنەری سەربەرزی ماندوی لەشساغی قەدباریکەوە بۆ کەسێکی بەکاربەری تەمەڵی قەڵەوی ورگنی بە حەب و دەرمانی زەخت و شەکرە وە بژی و هتد.کە هەردەم بەتەمای هاتنی سەری مانگە تاوەکو مانگانەی بۆ بێت وەریبگرێت" پێدەچێت جیاوازی و باشی ئوردوگا زۆرەملێکان لەمانە زیاتر بێت لەوەی کە بە بەلاش و بێ پارە دەست دەکەوتن و قەرزداری قیست وچەند ساڵەی کۆمپانیاکان نەدەبوون ، پێیان نەدەوترا کۆمەڵگەی قیست و قەرزی ..سیتی" لەهەمان کاتدا لە ئوردوگا زۆرە ملێکاندا، تاکی کوردی خۆشەویستی بۆ زێدو ناوچەکەی و گیانی نیشتمان پەروەری و کوردایەتی پەرە پێدەداو بە دزیەوە یان بە خۆزگەو خەونیش بوایە بەینجارێ سەردانی گوندو ناوچەکانی خۆی دەکردەوە و بە ئاوات و خەونێکەوە مناڵەکانی فێردەکرد کە ئەگەر مردیش توانایان هەبوو بۆ جارێکیش سەری روەو زێدەکەی خۆی ببەن پاشان بینێژن .(ئیبراهیم حاجی زەلمی،٢٠٢٠: ٢٢٣)

## تەوەری سێیەم: لایەنی مەیدانی

**کۆمەڵگەی توێژینەوەو سامپڵی توێژینەوە:** لە دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەدا ئەگەر قەبارەی کۆمەڵگە گەورەبوو، دەکرێت نموونەیەك لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەربگیرێت، بەومەرجەی توانای نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی هەبێت، کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتی بو لە ( پارێزگای هەڵەبجە، ئەو گوندانەی کە لەساڵەکانی ١٩٧٨دوچاری راگواستن هاتن). لێرەوە توێژەر بەباشی زانیوە ٤گوندی هەورامان وەک سامپل وەربگرێت. لەوێشدا ئەو کەسانە هەڵبژێرێت کە توێژینەوەکە پێویستینی، کە توێژەر سامپڵی بە شێوەی مەبەستدار (عينه القصديه) کە (2) لەرەگەزی مێ و (2) لە رەگەزی نێری هەڵبژاردووە. سەرەتا بەشێوەی هەرەمەکی ٤گوند هەڵبژێران، دواتر توێژەر بە شێوەی مەبەستدار نموونەکەی لە کەسانی بەتەمەن، کە ژیانی سەردەمی پێش راگواستن و سەردەمی دوای راپەڕین و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان بینیبێت، کە ژمارەیان 4کەس بوو، دیاریکرد لە هەر گوندێک ١کەس. جیاوازی ئەم نموونەیەش لە نموونە وەرگرتنەکانی تری چۆنایەتی توێژینەوە ئەوەیە کەپشتی بە ئەزموون و تەمەن و پیشەی تاکەکەسی لێتوێژراو دەبەست، بە ئامانجی خوێندنەوەیەکی قووڵترو دەرکەوتەبوونی زیاتری لایەنەکانی دیاردەکە..

### کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان

بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا لەسەر دیاردەی (کاڵبوونەوەو پەراوێزکەوتنی کەلتووری رەسەنی کوردی و یان شۆرینەوەی کەلتووری کوردەواری بە هۆکاری سیاسەتی راگواستنی گوندەکان)) توێژەر زیاتر ئامرازی چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە، دیارە چاوپێکەوتن وەك چەمك، یەکێکە لە چەمکە باوو زۆر بەکاربراوەکانی بواری زانستە مرۆییەکان، کە زۆرترین شوێنگە لە نێو میتۆد و ئامرازو بابەتە کۆمەڵایەتیەکان داگیردەکات. لەگەڵ ئەوەشدا واتاو پێناسی تا بە ئەمرۆش هەر بەردەوام لە فراوان بوون دایە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی چاوپێکەوتن بریتیە لە ئاخاوتنێکی راستەوخۆ لە نێوان توێژەرو لێتوێژراوبەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری گرنگ لەسەربابەتی توێژینەوەکەو دەستنیشانکردن و ئاراستەکردن ودواتر چارەسەرکردن (علی معمر عبدالمؤمن،132،2008) لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی بەکارهاتوو زیاتر چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراوبووە، کەکۆمەڵێك پرسیار دیاریکراون بەڵام بوارێکی کراوە بۆ پرسیاری تر هەبووە، بۆتوێژەر کەدەستکراوەی بکات کە لەگەڵ ئاراستەکردنی پرسیارلە لێتوێژراو و وەڵامدانەوەی، پرسیاری نوێ وپێویست لەسەر هەمان بابەت بخاتە ڕوو(معن خليل عمر:2004،121 ). ئەوەش لە پێناو دەسکەوتنی زانیاری زیاترودەرخستنی راستیەکان.

### خستنەڕووی زانیاری و شیکاری داتاکان

لەم بەشدا توێژەر ئەو زانیاری و داتایانەی لە رێگەی ئەو چاوپێکەوتنە نیمچەڕێکخراوە یەدا و لە نموونەی توێژینەوەکەی دەستیکەوتوون، بیانخاتە ڕوو دواجار گفتوگۆیەکیان لەبارەوە بخاتە بەرچاو.

لێرەدا ئەو زانیاری وداتایانەی دەسکەوتوون بە چەند خاڵێك دەخرێنە ڕوو بە شێوەی بەراورد لەنێوان رەگەزە کەلتووریە رەسەنەکانی کورد لەگوندەکانی هەوراماندا و پاشان ئەو گۆرانکاریانەی بەسەر ڕەگەزە کەلتووریەکاندا هاتووەو بە ئەنجامدانی پرۆسەی راگواستنی خەڵکی گوندەکان و(1978زاینی) نیشتەجێکردنیان لە ئوردوگا زۆرەملێکاندا (1978 بۆ 1991) و دواتر ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی هەورامان سەرلەنوێ(1991).

**یەکەم: دەرکەوتە گۆڕانیە کەلتووری و ژیاریەکانی پرۆسەی راگواستن لەسەر کەلتوری کوردەواری:**

ئاشکرایە لەپرۆسەی راگواستنی گوندەکان و داگرتنی بەزۆرەملیی دانیشتوانەکەی بۆ ناو ئوردوگا زۆرەملێکان دەیان دەرکەوتەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و گوزەرانی جۆراو جۆر هاتنە ئارا، ژیان لە گوند و گوزەران لە ئوردوگا زۆرەملێکاندا بۆخۆی دووپێکهاتەی ژیانی و گوزەرانی جیاوازییان هەبوە، ئەمیان لەنێو فەنتازیای سروشتدا ژیان و ئازادی و ئیرادەو بوونی لێدەرکەوتە دەبوو، هەرچی لەئوردوگایە تەنیا گوزەران و دابەزینە نێو ژیانی ملکەچی و زاق بوونەوەی دەسەڵات و هێزو هەیمەنەی ئایدیۆلۆژیاو تەقینەوەی پەیوەندی نەرێنی تیا دەبوە دیاردە.

دەکرێت هەموو کۆمەڵگەیەک بۆ ئەوەی هەبێت پێویستە ئاڵو گۆڕ لەنێوان سروشتە ناوەکی و دەرەکیەکەیدا هەبێت، بەمانا لەنێوان مرۆڤ و ژینگەکەی، (ژینگە بەمانا فراوانەکەی)کە هەندێ جار پێیدەوترێت جیهانی بچووك و ئەوی تریش جیهانی گەورە، لەسەر ئەو بنەمایە ئەو ئاڵو گۆرە لەنێوان سروشتی ناوەوەو سروشتی دەرەوە هەیە، دەبێتە ئەو وێنەیە ژیاریەی کەهەر کۆمەڵگەیەک هەیەتی و دەبێتە بەشێک لەخەصڵەتی کەسێتی تاکەکانیان بەشداردەبێت لە جیهانبییان. لەوێوە پەیوەندیە ئینسانی و ژیاری و جۆراو جۆریەکانیان و ئاستی ژیان یان بەرێکردنی گوزەران دیاریدەکرێت.

کە ئێمە لێرەدا هەندێکیان دەخەینە بەرچاوو باس :

**سەرچاوەی ئاو..**

لەگوندا سەرچاوەی ئاوی گوندەکانی کوردستان، کراوەوخاوەنداری گشتی بوو، کارێزو کانی و رووبارەکان بوون، چونکە چەمکی ئاوەدانی لە زمانی کوردی و کەلتووری کوردەواریدا، بە بوونی سەرچاوەی ئاوو گردبوونەوەی خەڵکان لەچواردەوری بەشێوەی نیشتەجێبوون هاتبوو. ئەم کانی و سەرچاوە ئاویەی گوند و سەردانی تاکەکانی گوند بۆ سود وەرگرتن لێی وەک سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەو تەواوی پێداویستیەکانی تری ژیان وگوزەرانیان، بەدەر لەوەی کە شێوازی پێکهاتەو مەبەست و جۆری بەکاربردن و ئەو ئیستاتیکیەی کانی کەهەیبوو لەگوندا وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و بەهایی لێکردبوو ،کە باس لە کانی و مزگەوت بەنموونە وەردەگرییین.

**أ- کانی ژنان..شوێنی لێهەڵگرتنی ئاو بۆ خواردنی ماڵەکان**

کانی: واتە سەرچاوەیەکی ئاوی بەگشتی کراو، کە خاوەندارێتی بۆ هەموان بوو، بونیادێکی گرنگی کەلتووری و کۆمەڵایەتی بەناوی کانی لە هەموو گوندێک بوونی هەبوو، بۆ پێداویستیەکانی و شوێنی لێهەڵگرتنی ئاو بۆ خواردنی هەموو ماڵەکان، کە رەگەزی مێ زیاتر : لە ئاوخواردن و خۆ خاڵیکردنەوەو خۆشتن و جل شوشتن وکەلوپەل شوشتن و کۆبونەوەو شوێنی گفتوگۆی ژنان و کچان و یەک دونیا مانای کۆمەڵایەتی و کەلتووری..بەکاری دەبرد. **نموونەی یەکەم و دووەمی سامپڵ کەرەگەزی (مێ) بوون،** باسیان لەوەکردووە کە (لەگوندەکانی ئەواندا سەرچاوەی خواردنەوەی ئاوی گوندیان زیاترکانی بووە، لە سەرچاوەی کانیەکەوە جۆرێك لە دیوارو حەوزو شوێنی رێکخراو لە پێویستیەکانی کانی ژنانی ئەوکاتە بۆ تەرتیب دەکرا، ئاویش بە شێوەی لێوەرگرتن بە سەتڵ و گۆزە و کونەو تەنەکەو قازان و قازانچە... سودیان لە ئاوی کانی وەرگرتوەو ئاویان لەکانیەوە بردوەتەوە بۆ ماڵەوە، لەماڵیشدا بەدەر لە پێویستی ئاو بۆ خواردنەوە ئەوا مریشك و بەرخ و گوێرەکەو هێسرو مانگاو ئاژەلە وردەی وەك مەرو بزن و کارو بەرخ و ئەمانە سوودیان لێوەرگرتووە، بۆچێشت لێنان و بۆ مەشکە ژەنین و سواغدان و بۆ سوکە کاری وەك جلشۆرینی

مناڵ و مناڵ شۆرین و چەن شتی تر.. **نموونەی دووەم زیاتر لەوەی باسکردو** گوتی: دیارە کانی شوێنی یەکتربینی ژنان و گۆرینەوەی رازونیازو هەواڵزانینی یەکترو ئاگاداربوون لە رووداوە جیاو بۆنەو بابەتەکان بوو، یانی لەکانی بەدەرلەوەی شوینی قاڵی (فەرش) شۆرین و جل شۆرین و مووریسو پێستەو خوری شۆرین بوو لەهەمانکاتدا شوێنی شۆرینەوەی گەنم و نیسك و نۆك و ئەو دانەویڵانەی کەپێویست بوو بشۆرینەوە پێش کوڵاندنیان، پاشان شوینی شۆرینی خۆو دەستنوێژهەلگرتن بوو، پاشان رێگەکەی دەبوویە شوێنی خۆنمایشکردنی کچان و ژنان، بۆهەندێ کەسیش دەبووە جێژوانگەی دڵداری.).

دەبینین کانی دەزگایەکی گرنگی کۆمەڵایەتی و پێویستیەکی سەرەکی ژیانی گوند بووە، دەزگایەك دەیان شاعیرو دەیان بەیت و بالۆری نێو ئەدەب و فۆلکلۆری کوردەواری باسیان لێوە کردووە، پاشان سەرچاوەیەکی ئاوی کراوەو سروشتی بوەو و سەرچاوەی ئیلهامی عیشق و ژیان و خۆشەویستی و تایبەتمەندی بووە بۆ تاکەکانی گوند، تاکی گوندو تیایدا هەست بە ئازادی خۆی و خاوەن بوونی و بەموڵکیەتبوونی گشتی و نەبوونی دسەڵاتێک بۆ کۆنترۆڵی کردووە. زۆرجار سەرچاوەی ئاوەکە مزگەوتەکەو کانیەکەی لەنزیک یەکتر کۆکردوەتەوە لەپشتی یەکترەوە بوون بەڵام رێگەی چوونە ژووریان رووگە جیاوازبووە.

**نموونەی یەکەم و دووەمی سامپڵ :** هەر هاتینە ئوردوگا ئەم کانیە کانی و شتەکانی پێجرانەوە مەگەر لەناو بەیتو گۆرانیدا و شتی تر جێگەی گرتنەوە، یانی بیری ئەرکەوازی بوو سەرەتا پاشان ئاویان بەبۆری بۆ راکیشاین..

(واتە لە ئوردوگای زۆرەملێدا ئەم سەرچاوە ئاویە دەخرێتە نێو سیستمێکی دەزگایی فەرمی، داخراووو داپۆشراوی لوولە کەشی کۆنترۆلیەوە، کە یەک کەس دەتوانێت یان دەزگاکەیەتی دیاری دەکات (کەی و چۆن وچەند ماڵەکان و خانەوادەکان ئاویان هەبێت و بیاندرێتێ!! ، دەبێ هەموویان پابەندی بن). دەزگای کۆمەڵایەتی وکەلتووری کانی و ناوی کانی و هاورێی کانی و رِیگەی کانی و ئیستاتیکای کانی و ئاوی کانی و یەک دونیای ژیان و واتای پشت کانی وون دەبن! وەك نموونەی یەکەم و دووەم باسی لێوەدەکەن (لە ئوردوگا سەرەتا بووە ئاوی بیر هەر چەند گەرەکێك بیرێکیان بۆ لێدابوون دەچووین بەتەنەکەو سەتڵ ئاومان لێدەهێنا تابەتەواوی لوولەکەشی کراو ئاوی بەلووعە هێنرایە نێو هەمووماڵێکەوە، ئیتر لەجیاتی کانی؛ فەرمانگەو دائیرەی ئاو، پسولەی پارەی ئاو، سەعات و پێوەری ئاوو، کارمەندی ئاو ، سەرەی ئاو، بەلوعەی ئاو ، تەنکی ئاو، مەسینەی ئاوو، سوراحی ئاو، پەرداخی ئاو....هتد دێنە جێگە.))

**نموونەی یەکەم و دووەمی سامپڵ:** پاش گەرانەوەی خەلك و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان ئیتر ئەوە چەند ساڵیشە هاتووینەتەوە نزیکەی سی سالە، ئەوەی ماناو کاری کانی هەبوو هیچ نەماوەو شۆراوەتەوە، چونکە پاش دووسێ ساڵ و لەکاتی ئاوەدان بوونەوەی گوند لەلایەن دەزگاخێرخوازیەکان و میریەوە ئاوی گوند کراوە بەلوولە کەشی و ئاولەرێگەی بۆریەوە دێتە ماڵ و لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری دەزگایەکی فەرمی میریدایە، کەسانی نێو ئەو دەزگایە سەرپەرشتی دەکەن.

**نموونەی سێیەم و چوارەم** لەمبارەوە بەوپێیەی کە رەگەزی نێر بوون لەسەر سەرچاوەی ئاو وبەم شێوەیە هاتنەگۆ: دیارە سەرچاوەی ئاوی گوند کانیەکان بوون، یەکێکیان تایبەت دەکرا بە پیاوان، بەتایبەتی ئەوەیان کە لەچەقی گوندا بووایە، یان هەرلەو کانیە بەجۆگەیەك کە لێی هەڵدەگیرا لە دیوێکی حەوزو شتی تایبەتی لێدەکرا بە کانی ژنان و خۆیشی حەوزو بەردەنوێژو پاشان مزگەوتی لەپەنا دروستدەکراو هەر لەنزیکیشەوە شوێنی (قومە و ئاودانی ئاژەڵەکانی گوندی) لێدرووستدەکرا.ئەوەشی دەمایەوە لێی باخ و باخات و زەوی پێئاودێر دەکرا.

## ب- مزگەوت و حەوزی مزگەوت:

هەرچی سەبارەت بەمزگەوتە **نموونەی سێیەم بوو** بەم شێوەیە لەسەر مزگەوت وەك دەزگایەكی ئاینی و پاشان شوێنگەیەكی پەرستشكردن و كۆبوونەوەی كۆمەلایەتی و ئاینی بەم جۆرە لێیدووا: ( هەر لەو ئاوی كانی حەوز درووست دەكرا ئەو حەوزە كەسەرچاوەیەكی ئاویە، پەیوەست دەكرا بە خانوویەكی گەورەوە كەروو بەقیبلە درووست دەكراو پێی دەوترا حەوزو بەردەنوێژەكانی مزگەوت، ئیتر ئەو شوێنە دوكانی لەدەوربوو چاخانەی لەپاڵدابوو شوێنی تەختكراو تایبەتی هەبوو كە چەند سورەچنارو داروتووی گەورەی نێژرابوون بۆ سێبەر شوێنی دانیشتنی كاتی بێئیشی خەڵكی گوند بوو، ئینجا چەند ژووری بچووك درووستكرابوون لەدەوری یەكێكیان بۆ دارو پێویستی گەرمكردنەوەی زستان و یەكێكیان بۆ فەرش و شەخەڵ و شتی مزگەوت بوو، یەكێكیان بۆ مامۆستابوو ناویان دەبرد بەحوجرە بۆ فێركردنی منالْ و فەقێ یان كارێكی تایبەتی مامۆستا، ئیتر لەكاتی پێویستدا بەدەر لەبۆنە ئاینیەكانی وەك جومعەو جەژنەكان و یادی مەولوود و هەندیجاریش مارەبرینی ژن و ئەمانە هەندێجاریش بۆچارەسەری كێشەكانو لەكاتی شۆڕیشدا شوینی خەوتنی پێشمەرگەو كۆبوونەوەی نهێنی پێشمەرگەو خەڵك و شوێنی وتارو هەڵواسینی بەیاناتی سیاسی پێشمەرگە بوو. **نموونەی چوارەم سەرباری وتەكانی نموونەی سێیەم بەم شێوەیە** گوتی: مزگەوت شوێنی مانەوەی ڕێبواران بو، جاری واهەبووو وەكو خەڵكی گوند میوانمان ئەگەر زۆربوایە دەمانهێنانە ئێرە دەخەوتن، پاشان زۆربەی ماڵەكان ئاودەسیان نەبوو دەهاتن بۆ ئاودەسەكانی مزگەوت. ئینجا هەمووومان وەكو خەڵكی گوند بەرپرسیاربووین لە پركردنەوەی پێداویستیەكانی مزگەوت و حوجرەو مەلاو خانوو هەرچی تری بەدەر لەوەی كەبە پەرستشمان دەزانی ئەم كارە بەلام زۆر بەدڵسۆزانەوە لەگەل ئەو كانی و حەوزو مزگەوتە دەجووڵاینەوە)

لێرەوە دەبنین مزگەوت لەگونددا دەبووە بونیادی شوێنێكی پەرستشی و كۆبوونەوەی گشتی وكۆمەڵایەتی و ئاینی و مەعریفی . كەبەدەر لەوەی ئاوی ئەو حەوزە مەرجی بونیادی مزگەوتەكەبووە ، لێرەوە هەر ئەو ئاوی حەوزە دەكرایە میكانیزمی پێش مەرجی كاری سەرەكی پەرستش بەمانا شوینی شتن ودەستو دەموچاوو شتن و دەسنوێژگرتن و خۆشۆردن و خۆخاڵیكردنەوەو لەهەمانكاتدا شوێنی كۆبونەوەی تایبەت بەمەراسیمی ئاینی و كۆمەلایەتی و گردبونەوەی ئیواران و كاتە فەراغەكان و شوینی وەرگرتنی زانیاریو رینمایی ئاینیی و مەعریفەو فێركردن و وەك دەزگایەكی هەم پیكەیاندن و پەروەردە و هەمیش هۆكارێكی كۆنترۆلی كۆمەڵایەتی.

**نموونەی یەكەم و دووەم رەگەزی مێ بوون لەبارەی مزگەوتەوە گوتیان:(** مزگەوت شوێنگەیەكی ئاینی تایبەت بوو بە ئاینی ئیسلامەوە، دەبوو لە خانوەكانی دەوروبەری بەرز ترو گەورە تر بوایا، گوناح بو ماڵێك لەمزگەوت بەرزتربوایە، ئەمجا ژن بۆزۆر شت ئەچوینە مزگەوت : بۆدەرس و بۆ كێشەكان و بۆنەكان و بۆشۆرینی قاڵیەكانی و...ئیتر ماڵی خوابوو پیرۆزبوو. واتە شوێنێك بۆ كۆكردنەوەی مرۆڤە شوێنكەوتوەكانی ئاینی ئیسلام بۆ پەرستشكردن و بۆ بەجێهێنانی فەرزەكانی وەك نوێژو سونەتەكان و دوعاو پارانەوە ئەنجامدان تیایدا و مانەوەو ئیعتیكاف كردن تیایدا).

لە كوردەواریدا مزگەوت تەنها ئەم ئەركەی نەخستوەتە سەرشان بەواتایەكی تر مزگەوت تەنها شوێنگەی نوێژو پەرستش نەبووە، بەڵكو كۆمەڵێك كارو پرۆژەو بۆنەو مەراسیمی تیا ئەنجامدراوە شوێنگەی پێگەیاندنی پەروەردەیی و زانستی و ئادابی كۆمەڵایەتی بووە، بەتایبەتی لەكوردستانی ئێمەدا مزگەوت خوێندنگەو قوتابخانە بووە بۆ شوێنگەوتوانی ئەوئاینە كەئیسلامە، مزگەوت شوێنگەی حەوانەوەی رێبواران و شوێنگەی

داڵدەدانی هەژاران و شوێنگەی چارەسەری دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی و شوێنگەی کۆبوونەوەی جەماوەری خەڵك و شوێنگەی بەحێگەیاندنی مەراسیم و نوێکردنەوەی بۆنە کۆمەڵایەتی و تەنانەت هەندێ جار شوێنگەی چارەسەری نەخۆشەکان بووە. ئەم مزگەوتە چ پێکهاتەی و مادیەکەی کەدیوارو پایەو بیناکەیەتی بەماڵی خودا ناسراوەو ناویشی بەناوی گوندەکەوەبووە، بەمانا مزگەوتی فلانەگوند..مەگەر لەشارۆچکەیەکدا کەسێ رۆلی هەبووبێت لە درووستکردن و یاخود ئاوەدانکردنەوەی بەتەلەبەو فەقێو ..هتد ناونرابێ.

پێکهاتەی و شتەکانی ناوەوەی و رێکخستنی کەلوپەل و ریکخراوی بەشەکانی ئەو مزگەوتە ئاماژەیە بۆ توانای ئابووری و سەلیقەی هونەری و پاکوتەمیزی و مزگەوت ویستی خەلکی گوندەکەوە..ئاماژەیەکە بۆ ئاستی رۆشنبیری و هەروەها ئاستی ئابووری و کۆمەلایەتی و کەلتووری ئەو گوندە. پاشان ناوی مزگەوتەگۆراوە بۆ ئەو ناوی کەسایەتیە،بۆنمونە مزگەوتی خانەقای شێخ عوسمان و مزگەوتی مەلافلان و هتد لەرووی خاوەنداری و سەرپەرشتیەوە مزگەوت لەگوندا هەمووگوند خاوەنی بوون ئەگەر دیندار بوبێ یان نا و کاری بەکاربردن و پرکردنەوەی پیداویستی چ خۆیان و چ مزگەوتەکەش لەسەر هەموان بووە هێمایەک بووە بۆ یەکانگیری خەڵکی گوندو بەدەمەوەبوونی یەکترو دەزگایەک بووە بۆ تێکەڵی و درێژەپێدەری کۆمەڵایەتی سەکۆیەک بووە کەپیاوی ئاین و ریش سپی و دونیا دیدەکان لەوێوە خەڵکیان ئاراستەکردوەو بەها باڵاکان و ریشەکەلتووریە رەسەنەکانی کوردەواری و مەعریفەو ئەزمونیان لەنێو دانەکانی گوندا چاندووە. دیارترینی کەسایەتی نێو ئەم دەزگا (نافەرمی و ئاینی وکۆمەڵایەتی و کەلتووریە) مەلا- پیاوی ئاینی- فەقێ و دەزگا وابەستەکانی وەک حوجرە، مولکی گشتی ونافەرمی بوون و لەلایەن گوندەوە تەغزیەی مادی و خۆراکی و کۆمەلایەتی کراون.

بەراگواستنی خەڵکی گوندە بۆ ئوردوگا زۆرەملێکان ئیتر مزگەوت گۆرانکاری بەسەردێت.**وەك نموونەی سێیەم و چوارەم باسی لێوەدەکەن**: ( بەگەیشتنمان بە ئوردوگا تا دووساڵ جا توانیمان مزگەوت درووست بکەین ئەوەش پاش رەزامەندی میری و پاشان دوای درووستکردنی هەرگیز تامی مزگەوتی گوندی نەدەدا چونکە حکومەت بە خواستی خۆی خەڵکی بۆتەعین دەکردو بەخواستی خۆی مەلای دەهێنا کە بچێتە مونەزەمەکانی خۆیان (واتە ژێربەژێر بەعسی بوایە!!) تەنانەت لە ناشتنی درەختەکانی ناو مزگەوتە دەخالەت دەکرا دەبوو بە ئاگاداری ئەو کەسانەبوایە کە سەرپەرشتی مزگەوتیان دەکرد (مجیورو بانگبێژو مەلای وتاربێژ!!) ئیتر هەستمان دەکرد ئەم مزگەوتە تەنیا نوێژە فەرزەکانمان لەسەر لادەبا گەرنا هیچ مانایەکی ئەو مزگەوتەی نەما، تەنانەت لە ناونانەکەشی ناوی عەرەبیان دەهێنا ئێمە ناوی مزگەوتەکە بەناوی گوند یان کانیەکەوە بوو، بەڵام لێرە ئێمەخاوەنی ناونانیشی نەبوون نەك خۆی.!)

واتە ئەم دامەزراوەیە(مزگەوت) لەنێو ئوردوگای زۆرەملێدا دەچێتە نێو سیستمێکەوە، کەسیستمێکی فەرمیەو لەچوارچێوەی وەزارەتی ئەوقاف و فەرمانگەیەکیدا کۆنترۆلدەکرێت و کارو ئەرک و شوێن و ئەندام و چۆنیەتی بەکاربردنی ئەم دەزگایە تێکەل بە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاو کاری ئیداری و فەرمی دەکرێت. ئیتر پەیوەندی خەڵک و مەلاو خەلکو گوند و لێک دەپچرێ و ئەم دەزگایە تەنها لەدووتوێی چوارچێوەیەکی مادی و چواردیواریدا شلۆل دەکرێت و ئەو ئەرک و مەهامەی پێشتری لەخۆی و دانەکانی لێوەردەگیرێتەوە بە شێوەیەک ئاراستە دەکرێت کەمیری و ئایدیۆلۆژیای میری پێویستیەتی و گەرەکیەتی. ئیتر ناوی ئەم مزگەوتە ناوی دەبێت بەناوێ کەسایەتیەکی ئاینی یاخود کەسێکی سیاسی و یان..هتد دیوارەکەی دەرەوەی دەبێتە شوێنگەی ریکلامی تەعزیەی مردوان و دیوارەکانی ناوەوەشی دەبێتە جێ ریکلامی بریارو ریساکانی فەرمانگەکانی سەروخۆی لە ئەوقاف و ئایدیۆلۆژیای میری، دیواری ئاودەسخانەکان دەبوونە شوێنی جنێودان

و خۆخاڵیکردنەوەی لاوان و ئەو کەسانەی کە دەسەڵات و لایەنەکان و بەرپرس و کەسە چەوسێنەرەکان دەبوونە بەربەستی خواست و ئاوات و ئازادی و ژیانیان.

**دووەم: شێوازی بیناسازی و ماڵ و ماڵیاتی کوردی لەگوند**

سەبارەت بە جۆری خانوو بیناو شێوازی دروستکردن و کەرەستەی دروستکردنی، لە پێش راگواستن تایبەتمەندی کوردەواری هەبوو، تەنانەت پێکهاتەو کەرەستەو شێوازی دروستکردنی هاتوەوەبوو لەگەڵ سروشت و ژینگەی لادێی کوردەواری، بەڵام دیارە ئەم شێ,ازو رەسەنایەتیەی وردە وردە ونبوونەما، ئەوەتا **نموونەی یەکەم بەم شێوەیە لێی** دەدوێت( خانووی ئێمە لەبەردو قوڕ و دیمەك درووست دەکرا، هەمووکەرەستەی بیناسازیەکەی لەپشتی گوندەوە کۆمان دەکردەوەو دەمانگوێزایەوە بۆ شوێنی دروستکردنی خانووەکە، ئەوکات خانوو کەدەکرا دەبوو سەرەتا بە ژێرخان دەستی پێبکرایە کەژێرخانیش بۆ ئاژەڵ بوو، یانی پێش ئەوەی شوێنی خۆمان درووستبکردایە دەبوو لەخەمی ئاژەڵ و وڵاخەکان و کادانی ئەواندا بووینایە، چونکە ژیان و گوزەرانی ئێمە پەیوەست بوو بەوانەوە..) **نموونەی دوەمیش** بەهەمان شێوە سەرباری قسەکانی ئەم وتی: (خەڵکی گوند ژیان و گوزەرانی لەسەر دانەکانی سروشت بوو، بۆیە بە خۆشەویستی و بەجوانین بینیەوە بەعیشقی ژیانەوە مامەڵەی لەگەڵ بەردو دارو گیانداری گوندەکەی دەکردو وەک بوونەوەرێکی هاورێ و دۆست و بەشدار لەژیانی مامەڵەی لەگەڵ دەکرد، بۆیە دواندنی هەبوو لەگەڵ ئاژەڵەکان ژنێک مانگای دەدۆشی تەنیا شیری لێ نەدەخواست، بەڵکو قسەی بۆدەکرد و گۆرانی بۆ دەوت. لەگەڵ کانەبەردەکەی پشت گوندەکەمان خەڵك رێزی هەبوو ئیخترامی دەگرت وبە ئەمانەتەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرد، ئەگەر کەسێك بە خراپ کاری بکردایە تیایادا تووشی رەخنەی گشتی ئاوایی دەبووەوە، هەورەها خەڵك ئەوسا دەیزانی کەژیانکردن لەگەڵ ئەو شتانە(کانە بەرد، باخ، کانی، ئاژەل! گیابەهاریەکان و شوێنی چاندن و رەزەکانی،خۆشەویستی و پەیوەندی رۆحی هەبوو) یانی ئاژەڵ و باخ و کانی و ئاوەکاکان و درەختەکان لای ئەو تەنها نەفع و سوودی نەدەبینی، بەڵکو عیشق و ژیان وبوونی تیادەدۆزینەوە نەک وەک قەسابێک و داربرێک و زەوی درێک بەگاسن و پاچ و گردەر بەدارێکی ئاگردان تەنیا مردن و فەوتانی ئەوانی بۆ مانی خۆی بخاتەکار. بەڵکو ژیان و خۆشەویستی بەوانیشی دەبەخشی و دۆستی تەواوی ژینگەبوو)

**نموونەی سێیەم** : ( وەک چۆن گەوری ئاژەڵ و ماڵیات لەگوندا پێکەوەو تێکەڵ بەخانووماڵی خەڵکی گوند بوو بەهەمان شێوەش ئاوو سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی هەر نزیک هاوسەرچاوەی ئاوی خەڵکی گوند بوو. پەیوەندی مرۆڤ و ئاژەل پەیوەندیەکی رۆحی بوو، ئەزانی بەچیدا ئەمەم بۆ دەرکەوت کەبارمان کرد هەمووومان دەگریاین و زۆربەمان گۆرانی و سیاچەمانەمانەی چەمەری بە چاوی گریانەوە بۆ دەوتنەوە خەریك بوو دڵمان دەربێت بۆ ئاژەڵەکانمان و بۆکانی و باخو ئەوانە..) **نموونەی چوارەم:** جۆری خانووکردن و ئەو شێوازە ژیانکردنەی گوند وایکردبوو ئێمە لەگەڵ ئاژەڵ و قەلو قازو پەلەوەرو ئەوانەی کەلەگەڵ خۆماندا دەژیاین، بەمانا پەیوەست بوو بەو ژیانکردنەی ئێمەی مرۆڤ لەگەڵ ئەوی گیانداری بەشدار لەماڵ و ئاو ژینگەو سروشتی خۆمان لەگوندا، بۆیە تیکەڵی بەردەوامی ئێمەی گوندی لەگەڵ ئاژەلەکاندا وای لێهاتبوو هەمووی بە(ماڵ)ی خۆمان ناوزەدی بکەین..پاشان من لە جاران خەریکی رەزو باخی خۆم بووم، بەڵام بەهاتنم لە رەزو باخ و ئەو خانوەباخەی (کێل)کە نیوەی ساڵی ئەو تەمەنەم کەلەگوندا بووم لەوێ بەرێم دەکرد، لەوێش بووم، زۆربەی ئەوانەی وەك من بوون بە چەند دەیە دینارێك لەلایەن میریەوە دامەزران و لەژێر ئەو سنۆبەرە رەقانە رۆژانە دەوامیان دەکرد کەنەبەرێك و نەبەر هەمێکیان هەبوو بۆیە بەوانەیان دەوت بەتاڵە.!)

لێرەوە ئەم تێگەیشتنەوە ئەم پەیوەندیە رۆحیەی ئەم سامپڵە ئاماژەی پێکرد کەلتورێکی پربەهای درووستکردبوو، بەهادان بە ئاژەڵ و بەماٴ زانینی ، ماڵێک کەوەسفی ئازیزترینی کەسی خۆی پێدەکرد ئەیوەت (گیانەکەمی- ماڵەکەمی**!!**) ئەم چەمکە ئیستاتیکای ئەو ژیانکردنەی تاکی گوند لەگەڵ ئەو دانانەی سرووشت بۆ سازاندبوو کە گیاندارەکان (مەر-بزن- مانگا- گوێدرێژ- ئیستر- ئەسپ.مریشک و قەل..هتد) دەوت ماڵیات. چەمکی ماڵیات و پەیوەندی رۆحی لەگەڵ ئەو تاکەدا وەهابوو کە لەگەڵیدا وەها پەیوەندی گرتبوو کەبەشداری دەکرد لە ژیانی و گوزەرانی، بۆیە لات عەجایب نەبێت تاکێکی گوند ئەگەر جارێ لە جارەکان (بیخوریایە- بهاتایە دەنگ لەگەڵ هێسترەکەی**!!**) کاتێک بەبارە دارێکەوە روەو ماڵ دەگەرێتەوەو ماندووبوەوە**!!**. بەهێسترەکەی دەیگوت: (( هەتە ماڵەکەم، وەک چۆن بە خۆشەویستەکەشی دەوت ماڵەکەم**!!** ))

ئەم پەیوەندیە سروشتیە کەژیانی جوانی لێ پەیدا دەبوو بەگۆرێنی و هاتنە نێو ئوروگاوە فوویەکی لێ کراو رۆشنایی نەما. وەك **نموونەی یەکەم باسیکردوە:** ئەوخانوانەی بۆمان درووستکرابوو تەواونەکرابوو نەدەرگا نەرووبەرو نەشێوەو نەقەبارەی نەکەرەستەکانی وەك هی گوند نەبوون، بۆیەکەمین جار حەوشەو دیواری حەوشەمان درووستکرد، چونکە رانەهاتبووین، بیرم دێت مێردەکەم وتی وەڵا من سێ دەروازەی تێدەکەم یەکێکیان بۆدەرەوە بۆ شەقامەکە، دوانیشیان لەناوەوە بۆ ناو حەوشەی دووماڵە هاوسێکەمان**!!** چونکە باوەرمان بەخۆ قفڵدان نەبوو، یانی ئێمە لەگوندا سەربانی ئێمە دەبووە بەرماڵی هاوسێکەمان**.!) نموونەی دووەم:** ئەوخانوانەی بۆمان درووستکرابوو بەشێوەیەك بوو کە نەدەگونجا لەگەڵ سروشتی ئێمە چونکە شوێن بۆ ئاژەڵەکان نەبوو، من مانگاکانم لێیان سەندم ودەبوو بمفرۆشتایە، بەڵام نەمفرۆشتن ناردمە لای خزمێکم لە گوندێك لەو شارەزووره بەڵام دواجار فرۆشتم) **نموونەی سێیەم:** ئەوخانوانەی پێیانداین زۆری ماندووکردم، تا ساڵێك خەریکی بووین، ئێمە پایز بارمان کردبوو، سەرماو سۆڵە ئەو ساڵە زوو هات، مناڵەکانم بەو کەش و هەوایە رانەهاتبوون کەسۆپای نەوت و گەرمکەرەوەی جیا لە سۆپای دار بەکاربهێنین، ئەو ساڵە مناڵەکانم تووشی نەخۆشی زۆربوون یەکێك لەمناڵەکانم گیانی لەدەستدا) پاشان سەرباری هەندێ لەقسەکانی ئەوان **نموونەی چوارەم:** من لەبەر ئەوەی پیشەگەر بووم لەگوندا لە ماڵەکەی خۆم و لەدالانەکەیدا پیشەی خۆمم دەکرد، کە جۆلایی بوو. یەکەم شت لەدەستدانی پیشەکەم بوو، تا نزیکەی 5 ساڵ دواتر هەوڵی دووبارەو بە شێوەیەکی تر چومەوە سەرپیشەکەم بەڵام سەرکەوتوو نەبووم.

**نموونەی یەکەم و دووەم:** بەداگرتنی خەڵکی گوند زۆر شت لەدەست رەسیەوە بوە کارگەرەس، نموونە گوریسی موین، سێ گەزی (سێ مەتردرێژ) شەش گەزی و نۆگەزی و ئەوسا بۆ بەستنەوە ی گویرەکەو گوێدرێژو مانگاو هێسترو باری دارو کۆڵی دارو جۆلانێ و لەلوەو مەشکەراگری و هتد یانی گوریس نەما، لەم کارانە هەموویان تەریک کراو حەبلی نایلۆنی جێگەی گرتەوە کە زیاتر بۆ تەنافی جل و بۆ باری ئۆتۆمۆبێل و هتد بەکاردەبرا، دەیان پیشەی وەک خوم چی و سەراجی و کورتان دووری و هەلاجی و کاری جاجم چنین و بەرماڵ و کوڵەباڵ و کەرەک و بێشکەو لانکەونانەشان و تەرینەو سەبەتەی نەیجەیی ونانەشان و دۆڵەو سەرداو لەجێگایدا بەفرگرو بەستێنەر(موجەمیدە) هاتنە جێگەی، دۆخەواو شێلم و دۆینەو تۆڵەکەو ماش و نیسکێنەوخواردنەکانی کوردەواری هەموویان بوون بەشتی ترو خواردنی نوێ)

ئیمرۆ لەگوندی هاوچەرخدا خانوویەکە تیایدا نەنانی تیادەکرێ و نەکەلانەو نەشلکێنەو نەخەپلەو کولیرە بەقیمەیەک**.!** بەڵکو ئەمانە چوونەپاڵ ماکدۆناڵو خواردنە خێراکان (فاست فود)و لەدەرەوە وبەپارە دەکرین و وەک ئوتێلیکی لێ هاتووە ماڵ، کەجاران بەدەر لەوەی قەرەباڵغیەکی زۆری تیابوو لەهەمانکاتدا سیخناخ بوو لە دەنگی ئاژەڵ لە قووقەی کەڵەشێرو زرمەی پێی هێسترو گوێرەکەو بارەی کارو و باعەی بەرخ و

گارەکاری مریشک و بۆڕەی مانگاو قیرەی قازو جریوەی پاساری و گمەی کۆتر. بەڵام ئەمانە کەوەک سەمفۆنیایەک وابوون لەگوێی لادێیەکی کوردەواری بەڵام ئەمانەی لە ئوردوگا لێی ونکراو ئێستاش لەگوندی هاوچەرخدا لێی نائاشنایەو مەگەر لەشاشەی تیڤیەکەی یان ئەنتەرنێتەوە بیانبینێ.

دیارە **تێکرای نموونەکە** کۆك بوون لەوەی کە: دووبارە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان ئەو ژیانەی لەپێشتریان پێ دروستنەکراوەتەوە، کەهۆکارەکەی لەلای نموونەی یەکەم: ( منالەکانم چوار کورو کچێك بوونِ تێکەڵی ژیانی شاری بوون هەرچەند هەولم دا توانیم تەنها سێ ساڵ لەگەڵ خۆم و ئەو ریش سپیەدا بمێننەوە (مەبەستی پیاوەکەی بوو لەولایەوە دانیشتبوو-توێژەر)کچەکەم شوویکردوە لەشاردایەو هەر سێکوڕەکەشم( ژن بردیانن بۆشار !!) باریانکردوەتە شارو دامەزراون لە دەزگای حکومیدا، ئیتر من و ئەم ریش سپیە ئەگەرچی ئەو دووسەرە مانگایەو ئەو کەمە باخەمان هەیەو لەم گوندە گلی داوینەتەوە بەڵام تامی گوندی جاران نادات و ژیانکردنی وەك جاران نیە، شت و کەرەستەکانی ناوماڵمان وەکو هی شاری ئێستە وایە). **نموونەی دووەم** دەیوت: ( ئەو ماوەیەی هاتوومەتەوە گوند هیچ تامی جارانم لێ نەبینی، لەسەرەتای هاتنەوەم بۆ ئەم گوندە کۆمەڵێك ئاژەڵم کری لەبەرئەوەی پاوەنەکان و لەوەرگاکان مین رێژ کرابوون بەدەرلەوەی نیوەیان فەوتان بە هۆی تەقینەوەی مینەوە، کورێکیشم لەو پێناوەدا رۆیی بۆیە هەر لە ئەوەڵەوە تامی ژیانکردنم لەم گوندە وەك جارانی لێنەهاتەوە، هیچی وەك جاران نابینم!) **نمونەی سێیەم چوارەم** جەختیان لەوەکردەوە کە بەهۆی ئەوەی پیری تەنگی پێهەڵچنیون، ئەو شتانەی کەجاران لەگوندا هەبوون ئێسە نایبینن، ئەو هاتن و چوون و ئەم دۆڵ و ئەودۆڵ کردنە لەگەڵ ئاژەڵ و نۆرە ئاژەڵ لەوەراندن و ئەو گۆرانی و سیاچەمانە وتنانەی کەبەهاران بەو کەژو کێوانەوە دەمان وت و ئەو سەیران و یاری و گفتوگۆو سوعبەتانەی کە لەنێوانماندا هەبوو نەما ئەو رێزەی کەجاران ئێمە لەپیاوانی بەتەمەنمان دەگرت ئێستە لەنەوەکانیشمانەوە بەو شێوەیە نایبین نەك لەخەڵکی!!)

بەمانا ئەو پەیوەندی و دۆستیەی مرۆڤ و مرۆڤ و مرۆڤ و ژینگە ودانەکانی سرووشت پچڕاو نەما، دیارترینیان لەئوردوگادا سیاسەتێکی سەپێنراوو ئیلزامی هەبوو بۆ دوورکەوتنەوە لە رەزو باخ، ئیتر لێرەدا (دارستانی بێبەرو بەرهەم چێنراوی وەک دەیان دۆنمە سنەوبەر) لەلایەن میریەوە جێگەی (هەزارەها دۆنمە باخی بەرهەمداری سوتێنراوی موڵکی گشتی لەگوندەکان ) دەگرتەوە، لێرەدا لەنێو سیستمێکی ئیداری لەنێو وەزارەتێکی فەرمی وەک کشتوکاڵدا هەزاران باخەوان لەخەڵکی گوندەکان دادەمەزران، بەموچەیەکی دیاریکراو دەخرانە ژێر باری ملکەچی سیستمی ئایدیۆلۆژی و چاودێری ئیداری فەرمانگەکانەوە و رۆژانە خەریکیان دەکردن بەکارێکەوە کە هیچ پەیوەندیەکی رۆحی و ئیستاتیکی لەنێوان ئەوان و کارەکەیاندا بوونی نەبوو! بۆیەکەمین جار بوو کار لەپێناو بەرهەم و کارەکە خۆیدا نەبێت، کار لەپێناو شتێک بێت کەلەدەرەوەی بەرهەمی خۆی و لە بۆ ئامانجێکی تر بکرێت و لادێێ فێری ئەوەکرا.

پاشان لەم ئوردوگایانەدا شوێنێک بۆ ئاژەڵەکانی خەڵکی گوند نیە، گەوڕێک و ئاژەڵ بەخێوکردنێک و بەرهەمداریەکی ئاژەڵداری بوونی نیە، لێرەدا پەیوەندی مرۆڤ و ئاژەڵ پەیوەندیەکی درندانەیە، چونکە ئەوەی ئەم دوانە کۆبکاتەوە تەنیا شوێنێکە پێی دەوترێت قەسابخانە، سۆبەی نێو چاخانەیەکە کەدارەکان بەوشکی و تەری هاتونەتە بەردەستی و دەسوتێنرێن!! لێرەدا شوێنێک ئەگەر هەبێت بۆ ئاژەڵداری ئەوە خراوەتە چوارچێوەیەکی پرۆژەی ئاژەڵداری و کێڵگەی کشتوکاڵی و پەلەوەری لەچوارچێوەدراو، کە لەژێر سیستمێکی چاودێری بەخێو کردن و گەورەکردن و ئالیک پێدان و کاری ڤاگسینکردن و دواجار

پشکنینکردنی پزیشکیانەو ئامادەکردنیان بۆ سەربرین و پاشان دابەشکردنیان لەنێو بازارو دوکانی کۆشتفرۆش و بەستێنەرەکاندا.

**سێیەم: خێزان و بەهای کارکردن ، پرسی(بەرهەم هێنان و بەرخۆری)**

دیارە کۆتا پرسیارێکیش سەبارەت بە پرسی پەیوەندی خێزان و ئابووری و بەهای کارکردن و جیاوازی نێوان بەهای بەرهەمهێنان و بەکاربردن و دواجار پەیوەندی پەروەردەی خێزان و گەشەکردنی ئابوری سامپڵ چۆن دەبینیت؟ ( لە پێش راگواستن و کاریگەری ئوردوگاو پاشان ئیمرۆ؟) لەوەڵامدا

**نموونەی یەکەم**: ( پیم وایە پرسی بەرهەمهینان و گەشەکردنی ئابووری وابەستن بەیەکەوە،خیزانیک تەنها بیری بەلای خەرجکرنەوە بیت ئیتر گەشەی لەکویدایە؟ ئاخر ئێمە پێش راگواستن هەمووومان خەریکی بەرهەمهێنان بووین، من دوو ئەوەندەی پیاوەکەم خەریکی بەرهەمهێنانی خۆراك و شمەك بووم (مانگام دەدۆشی و بزنم دەدۆشی و ماست و کەرەو مەشکەژەنین و نانکردن و باخ رنین و بەشداریکردن لە پاچەکوڵەو چووزانم لەهەمووشتێکدا یارمەتی پیاوەکەم دەدا بەدەر لەکاری ماڵ، پیشەی ژنانەشم دەزانی وەکو جاجم کردن و دووخێن و کڵاش و لفکە درووستکردن وە شتی تریش بیرم نەماوە.**!!**

پاشان وتی: پەیوەندیەکی تۆکمە لەنیوان پەروەردەی خیزان و پاشەکەوتی ماڵو خێزاندا هەیە چونکە یەکیک لە ئەرکەکانی خیزان پەروەردەکردنی ( پیشەو کارو بەرهەمهێنانە- ئابووریە)، بەلام گرفتەکە لەوەدایە کە ئەمە چی دەکەین لەو چیکردنەوەوە لەوکارەوە بەتەمای گەشەو پاشەکەوت و دەوڵەمەندی بین**!** چۆن بەم شێوەیە دەبین**!** جاران لەگوندا هەموومان کارمان دەکرد و هەمووشمان پێکەوە دەمانخواردو پاشەکەوتیشمان دەکردو ئاسودەش بووین بەڵام ئوردوگا لێی تێکداین، فێری بخۆری و بەرخۆری کردین دامەزراندن و بەتاڵەیی فێری قنجە برسی کردین، ئەوەی زیاتری خەرج بکات و شتی جوان زیاتر بکرێت و قنج بروات بەرێوەو کارنەکات بووە شتێکی شان و شەوکەتدار(بەهادار) کارکردن و ئاژەڵداری و بە زەراعەت و باخداری و بەرهەمهینان بوە عەیبە**!** ئیتر هیچ ، فاتیحەیەک بۆ گەشەکردنی ئابووری.**!!)**

**نموونەی دووەم:(** جاران لەگوندا من لێفەم دەدووری و جاجمم دەکرد وەڵا ئیشی ژن لەگوندا زیاتر بو لە پیاو من هەمووم دەکرد، بەڵام ئوردوگا ژنی خستە ناو چواردیوارەوە بێ کارو بێ چوونە دەرەوەی جاران بۆکار، مەگەر بەکەمی**!** بۆیە دەڵیم بەڵی پەیوەندی هەیە بەلام ئەگەر مەبەستت پەروەردەی خیزانی ئیمەش بێ بەگەشەی ئابووریەوە، ئەوا من لە ئاستیکی لاوازدا دەیبینم).

**نموونەی سێیەم:(** پەیوەندیەکانی خێزان و پرسی کارکردن لە ئاستێکی خراپدا دەیبینم و پیم وایە ئیمرۆ وەک جاران نیە کەخیزان بتوانێت بۆدوارۆژی منالەکانی ریگەیەکی دیاریکراوی لەبەردەستدا بێت، جاران باپیری من خاوەنی پیشەیەک بوو، منی فێر دەکرد، منیش کورەکەمم فیری پیشەکەی خۆم دەکردەوە، بەڵام ئوردوگا ئەمەی کوشت**!** نەك نەمتوانی پیشەکەی فێربکەم بەڵکو خۆیشم پیشەکەمم لەدەستدا، کەهەڵاج بووم، جاران مرۆڤی گوند پەیوەندی خۆی و پیشەکەو داهینان لەپیشەکەی دەبوویە خاڵێک لەگەشەی ئابووری بەمانایەک کورەکەی پیشەکەی پەرە پیدەداو گەورەی دەکردو داهینانی تیادەکرد، بەلام کەدێتە ئوردوگا زۆرینەی دەبوو بەپیاوی حکوومەت( واتە موچەخۆر)، رەبتی مووچەخۆریی بە گەشەی ئابووری خێزان لەکوێدا دەبینیتەوە؟ چۆن دەوڵەمەندو سەرمایەدار دەردەچێت مەگەر گەندەلی بکات؟ پاشان مەسەلەی پەروەردەی خیزانیش بەو شیوەیەیە یانی خیزان بۆ خۆی ئابووری لاسەنگ بوو پەروەردە ئابوریەکەشی لاسەنگ دەبێت**!** بەرای من

دەبێ زۆرینەی خێزانی کوردی لەدەستی ئەو چوارچێوە دیاریکراوەو بەستراوەیەی ئابوریەکەی بەمەعاشەوە بهێنریتە دەرەوە، گەرنا کۆمەڵگە گەشەی بەم شیوەیە دەبیت کە دەیبینی چەند کزو بەرەو دواوەیە.)

**نموونەی چوارەم:** ( ئەوسا پەروەردەی خێزان و گەشەی ئابووری پەیوەست بوو بەو عەقڵە ئابووریەو ئەوکارە ئابووریانەی کەدایک وباوک ئەنجامیان دەداو چیان لە زەوی و ئاژەڵ و سەرمایە بەدەستی وە دەبوو، بۆیە پێگەی کۆمەڵایەتیشی لەو روانگەوە پێدەبەخشرا، بەڵام لە ئوردوگا هەموو پێگەکان ئاوەژووکرانەوەو خەڵك لەزەوی و باخ و ئاژەڵ سفرکرایەوە تەنها قەرەبووی چەندی بۆ نووسرابا ئەوە دیاریکەری بوو ، پاشان ئیمرۆو پاش ئاوەدانبوونەوەی گوندەکان کابرا خۆی تائیوارە بەرهەمی باخەکەی بچنێت ۱۰دەهەزاری دەسئەکەوێ، یان کابرای مووچە خۆر بەتەمای سەری مانگەو هەوڵی خۆرزگاری نادات بەدۆزینەوەی دەستی کار، خۆ ناهەقیشیان نیە چونکە کوردستان نەکراوەتە شوینگەیەکی بەرهەمهینان و ناردنەدەرەوەی بەرهەم بەڵکو کراوەتە بازاریکی ساغکردنەوەی کالا، بۆیە پەروەردەی ئابووری لە فەزایەکی ئابووری و عەقلیکی ئابووری باشەوە دیت).

لەراستیدا و بەم تێگەشتنە پەیوەندیەکی بەهێزهەیە لەنێوان پرسی پەروەردەی خێزان و گەشەکردنی ئابوری واتە: گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری و کەرتی پەروەردەو هەموو کەرتەکانی تر، ئابوری بناغەی هەموو گەشەکردنەکانی ترە، لە کۆنەوە کورد وتویەتی: (تەشتی پڕ ئاشتی ماڵە) تەشتی پڕ واتە:ئابوری پێشکەوتوو، ئاشتی ماڵ:واتە ئاشتی خێزان و ئاسایشی کۆمەڵ و ئاسایشی خۆراک. بەڵام لەکۆمەڵگەی ئیمەدا لاوازە.هەروەها دەڵێت: نوێژکەری نوورینی فەرمانکەری شیرینی، بەمانا دین و کارکردن پێکەوە مرۆڤ جوان دەکەن، بۆیە بوونی ئە م بەهایانەو لەنێو پەروەردەدا کاریگەری هەیەو دەچێتە نێو گەشەوە.

**دەرەنجامەکانی توێژینەوە:**

۱- کوردەواری خاوەنی کلتووری رەسەن و پاشخانێکی شارستانی راستەقینە یە، کە بوەتە هێمای تایبەتمەندی و پێدانی شوناسی کوردبوون پێی. پرۆسەی راگواستن یەکێک لەو گورزانەیە کەلە تەوەری ئەم رووگە جوانەی کوردەواری داوە، ئیمرۆش ئەم گوندە نموونەییە مۆدێرنانەی کوردەواری بەناوی پێشکەوتنەوە خەریکی وەلانانی رەسەنایەتی کلتووری و ئەو پاشخانە کوردەواریەن و زمان و کەلتووری بیگانە دەکەنە قورگی نەوەکانیان و گوندە رەسەنەکانی کوردەواریش تەواو پشت گوێ خراون.

۲- تاکی کوردی خاوەن کەلتوری رەسەن و پشت ئەستوور بووە بەژیانی ئازادو نەتەوەخوازو نیشتمان بەپیرۆزانی، نێو گوندەکانی کوردەواری، راگواستن توانی بیگۆرێت بۆ تاکێکی پاسیڤ و ئیمرۆش تاکێکی خۆنەناس و نەتەوەنەناس چاودێریکراوی نێوئەوسیتی یانەی کەکۆمپانیا تەنها قازانج ویستەکان بۆیان درووستکردوون، حەزی لەژیانی ئەوروپایە تا گوندو ناوچەکەی خۆی.

۲- ئەگەرچی خێزانی کوردی بەها ئابووریەکانی کوردەواری هێشتا لە بەرچاوە، کەلتووری بەرهەمهێنی لا بەرێزە هەمیشە، بەڵام بارودۆخی سیاسی و ئابووری ئیمرۆ کاریگەری لەسەر ئەو بەها کەلتووریانە داناوەو بەلاوازی بەرچاو دەکەوێت.

۳- پەروەردەی کوردەواری ئیمرۆ لایەنی ئیستیهلاک و بەرخۆری تیایدا زاڵە، تروسکایەکی لاواز بۆ پەروەردەی ئابووری بەرهەمهێن لەخێزانی کوردەواریدا بوونی هەیە.

٤- خێزانی کوردەواری کاریگەرە بەو سیستمە بەرخۆرەی کەئیمرۆ کوردەواری کردوەتە بازارچەیەک بۆ کاڵای بیانی و رەنگ وبۆی کەلتوری بەرهەمهێنانی لێ بریوە. پەیوەندی نێوان گەشەی ئابووری و گۆرانکاری ئابووری پشت بەستوو بەپەروەردەی خێزان ئەگەرێکی زۆر لاوازە.

**پێشنیارەکان:**

لەسەربنەمای ئەوەی لەم توێژینەوەدا بەرهەمهاتوە ئەم راسپاردەو پێشنیارانە دەخرێنە بەرچاو:

١- دەستی ئاوەدانی بگەێنرێتەوە گوندەکانی کوردستان، چونکە تاکە پارێزەری کەلتورو رەسەنایەتین.

٢- پێداچوونەوە بەو سیستمە بەرخۆریەی کە ئیمرۆ لەسایەیدا تاکەکانی کوردەواری بوونەتە بەرخۆرو لەژێر هەژموونی دامەزراندن و بێکاری رووپۆشدا تواناى بەرهەمهینانیان کپکراوەتەوە.

٣- وەزارەتی پەروەردەو دەزگاکانی تری پەروەردەو راگەیاندن هاوکاری خێزان و پەروەردەی خێزانی بن بەوەی کە:

- گرنگی بە کەلتوری رەسەنی کوردەواری بدرێت، جەخت لەسەر مانەوەی رەگەزە کەلتوریەکان بدەن.

-هەوڵ بدرێت پیشەو کارە دەستی وبەرهەمە خۆماڵی و کوردەواریەکان زیاتر ون نەبن و تاکەکان لەسەریان رابهێنرێن.

- کاری راستەقینەو بەرهەمهێنان بکرێتە بەهایەکی سەرەکی و ئیستیهلاک و بەرخۆری کاڵ بکرێتەوە و لەلایەن میریەوە سنورێک بۆ ئەو کۆمپانیانە دابنرێت کە کوردەواریان کردوەتە بازارچەیەکی وڵاتانی بێگانە.

٤- هاوکاری کەرتی تایبەت بکرێت بەشێوازێک کارگەو وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان پەرەپێبدەن و بەرهەمی ناوخۆو و دەستی کاری راستەقینە فراوان بکرێت.

**راسپارد ە:**

- ئەنجامدانی توێژینەوەی کەلتووری و بڵاوکردنەوەی هوشیاری کەلتووری لە سەرهەموو ئاستەکان تا بگاتە ئاستی خێزانی.
- کۆلینەوە لەو هۆکارانەی کە کوردەواریان لەدەستی بەرهەمهێناوە گۆریوە بۆ بێکارو بەرخۆر.
- کۆڵینەوە لە دەرەنجامەکانی راگواستن و هەڵگرتنی ئەو ماکانەی تا بە ئیمرۆ کاریگەریان لەسر ژیانو کەلتوری کوردەواری ماوە.

**سەرچاوەکان:**


١- ئیبراهیم حاجی زەڵمی: لەمپەرەکانی بەردەم درووستبوونی رای گشتی لەکۆمەڵگەی کوردیدا، چاپخانەی سیما، ٢٠١٠، سلیمانی.

٢- ئیبراهیم حاجی زەڵمی: خورماڵ لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆ ئەنسرۆپۆلۆجی، چاپخانەی سیما، ٢٠٠٨، سلیمانی.

٣- ئیبراهیم حاجی زەڵمی: ترس و شەرم تەنگژەیەک لەبەردەم پەیوەندیەکانی تاک، چاپخانەی سیما، ٢٠١٠، سلیمانی.

٤- ئیبراهیم حاجی زەڵمی: دەسەبژێرو حەکایەتی کوردەواری لەسەردەمی مۆدێرنەدا، چاپخانەی پیرەمێرد، لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان،٢٠٢٠.

٥- ئیبراهیم حاجی زەڵمی: بیری بەعس و کارەساتی ئەنفال، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (14) 2013زاینی ،.76-96 تەماشە بکە.

٦- رێبوار سیوەیلی: کورد و شارستانییەت (هەندێ بیرۆکە بۆ بابەتێکی گرنگ) پەیجی تایبەتی ریبوار سیوەیلی،٢٠٢٠ ئەنتەرنێت.

٧- عەلی زەڵمی: ئەنفالێکی نەناسراو، خوێندنەوەیەک بۆ داگرتنی لادێکانی کوردستانی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان، پەیجی تایبەتی عەلی زەڵمی ئەنتەرنێت.

٨-علي معمر عبدالمؤمن :البحث في العلوم الاجتماعية، دار الكتب الوطنية، طرابلس، ليبيا 2008..

٩- معن خليل عمر: مناهج البحث في علم الاجتماع، دار الشروق للنشر والتوزيع،2004، القاهرة.

١٠- طوني بينيت و الاخرون: مفاتيح اصطلاحية جديدة، معجم مصطلاحات الثقافة والمجتمع، ترجمة: سعيد الغانمي، بيروت، المنظكة العربية للترجمة والنشر، بيروت، 2010.

-11Kim Ann Zimmermann : What Is Culture? July 12, 2017, https://www.livescience.com.

https://ar.wikipedia.org/wik

https://genderiyya.xyz/wiki

https://almerja.com/reading